DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2020.23.2.21
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:23، ژمارە:2، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 410-431، 2020

# بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس
## "هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە"

ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی،زانکۆی سەلاحەدین ،
هەرێما كوردستانێ–عێراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینێ: 9 شوات، 2020، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 22 أيلول 2020))*

## پوختەی توێژینەوە

**لە چوارچێوەی هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی مێژووی کورد لە نێوان شێواندن و ڕاستکردنەوەیدا، بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس، وەك بیرەوەری کارەکتەرێکی بەشداربووی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەم توێژینەوەیەدا لای لێکراتەوە. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا هەم گرنگی و بایەخی بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیسی خستۆتە ڕوو و هەڵسەنگاندنی بۆ کردوون، هەمیش هەڵە و خەوشەکانی نێو بیرەوەرییەکانی دەستنیشان کردوون، دواجاریش بە پشتبەستن بە زانیاری نێو سەرچاوەکان هەڵەکانی ڕاستیکردونەتەوە.**

***وشە سەرەکییەکان:*** بیرەوەری، نووری شاوەیس، هەڵسەنگاندن، ڕاستکردنەوە

پێشەکی

بیرەوەرییەکان وەك سەرچاوەیەکی مێژووی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پشت بە زانیارییەکانیان دەبەسترێت، بەتایبەت ئەو بیرەوەریانەی نووسەرەکەی کارەکتەرێکی دیاری ناو ڕووداوەکانە و تاڕادەیەك بە دیدگایەکی دوور لە لایەنگیری، بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە. لەو سۆنگەیەوە بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس لە دوای لە چاپدانی، بۆتە یەکێك لەو سەرچاوە مێژوویانەی، کە بۆ زۆرێك لە نووسینی ئەکادیمی و نائەکادیمی پەنای بۆ براوە و پشتی پێ بەستراوە.

شایەنی باسە، بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس، ئەوەندەی وەك سەرچاوەیەك پشتی پێبەستراوە و زانیاری لێ وەرگیراوە، کەمتر ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆتەوە و زانیارییەکانی شیکراونەتەوە. ئەوەش بۆتە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەو توێژینەوەیە، کە توێژەر مەبەستییەتی بە شێوازێکی ئەکادیمی و بە پشت بەستن بە سەرچاوە، زانیارییەکانی ناو بیرەوەرییەکە ڕاست بکاتەوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە.

لە تەوەری یەکەمدا، سەرقەڵەمێك لە ژیانی نووری شاوەیس باسکراوە.

لە تەوەری دووەمدا، خوێندنەوەیەك بۆ بیرەوەرییەکە و چۆنییەتی لە چاپدانی کراوە، هەروەها بەراوردێك لە نێوان زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤاری پێشەنگ، کە بە زمانی کوردی نووسراون، لەگەڵ چاپی کتێبەکە کراوە، کە بە زمانی عەرەبی لە چاپ دراوە.

لە تەوەری سێیەمدا، بە پشتبەستن بە سەرچاوە، شەنوکەوی زانیارییەکان کراوە و، پەنجە خراوەتە سەر هەڵە مێژووییەکان و ڕاستکراونەتەوە.

لە میتۆدی توێژینەوەکەدا، بە تەنیا پشت بە یەك میتۆد نەبەستراوە، بەڵکو هەوڵدراوە ڕێبازێکی زانستییانە بگیرێتە بەر، بەمەش هەم زانیارییەکان بەراورد کراون، هەمیش شەنوکەو کراون.

بۆ ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پشتی بە ژمارەیەك سەرچاوە بەستووە، کە هەر یەکەیان لە



Ahmad.ameen@su.edu.krd

شوێنی خۆیدا و بەپێی گرنگی و بایەخی و نزیكی لە ڕووداوە مێژووییەكان زانیاری دروستیان لێوەرگیراوە.

دیارە ئەو توێژینەوە هەوڵێكە بە ئاراستەی هەنگاونان بۆ ڕاستكردنەوەی بەشێك لە مێژووی كورد، بەو ئومێدەی توانیبێتمان تێیدا سەركەوتوو بین.

## 1.سەرقەڵەمێك لە ژیانی نووری شاوەیس

نووری شاوەیس[1]، ناوی تەواوی نووری سەدیق عەلی ڕەسوڵ ئەحمەد ئاغایە. ناوبراو ساڵی 1922 لە سلێمانی لە دایكبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی و دواناوەندی لە كەركووك تەواوكردووە. ساڵی 1941 بە مەبەستی تەواوكردنی خوێندن ڕوو دەكاتە بەغدا و لە كۆلێژی ئەندازیاری دەست بە خوێندن دەكات و دوای چوار ساڵ قۆناغەكانی زانكۆ بە سەركەوتووی تەواو دەكات (شاویس، 1985، ص ص 3-5).

نووری شاوەیس ساڵی 1945 وەك ئەندازیار لەسەر میلاكی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێكردن لە بەغدا دادەمەزرێت، بەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەوكاتەی ساڵی 1949 دەگوازرێتەوە بۆ حیللە و ماوەیەك لەوێدا دەمێنێتەوە. دواتر لە ماوەی نێوان ساڵانی (1950 –1952) دێتە هەولێر، ئینجا بە ناونیشانی ئەندازیاری هەرێم، خزمەتەكەی بۆ كەربەلا دەگوازرێتەوە و لەوێشدا بۆ ماوەی ساڵێك و نیو دەمێنێتەوە، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ كوت (شێخ سەلام، 1999، ل ل 35-37).

ساڵی 1953 نووری شاوەیس جارێكی دیكە خزمەتی كاركردنی بۆ بەغدا دەگوازرێتەوە و دەبێتە ئەندازیاری ناوچەی ناوەڕاست، بەمەش ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی ساڵی 1956 بۆ كەركووك دەگوازرێتەوە، بە دوای ئەوەش ساڵێك لە كەركوك دەبێت، ئینجا ساڵی 1957 بۆ مووسڵ دەگوازرێتەوە و تا دوای شۆڕشی 14 تەمموزی 1958 لە وێدا دەمێنێتەوە (شێخ سەلام، 1999، ل ل 38-44).

نووری شاوەیس لە دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لەسەر پشكی كورد بۆتە جێگری سەرۆكی سەندیكای ئەندازیارانی عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش و هاوكاری عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی جیهانی (شارەزا، 2014، ل136).

لە دوای بەیاننامەی 11ی مارتی 1970، نووری شاوەیس بۆتە وەزیری ئاوەدانكردنەوەی ژوورو، لە 29ی مارتی 1970 دەستبەكار دەبێت (هاوكاری، ژمارە 11، 1970/4/3)، بەڵام لەو ماوەیەی دەبێتە وەزیر، تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت و بۆ ماوەی پێنج تا شەش مانگ لە مۆسكۆ لە نەخۆشخانە دەخەوێت، دواتریش لە ئەمریكا نەشتەرگەی دڵی بۆ ئەنجام دەدرێت (شێخ سەلام، 1999، ل70).

نووری شاوەیس هەر زوو تێكەڵاوی كاروباری سیاسی دەبێت و لە ناو كۆمەڵە و ڕێكخراوە سیاسییەكان وەك كۆمەڵەی ئازادی كورد، كۆمەڵەی داركەر، پارتی هیوا، پارتی شۆڕش، پارتی ڕزگاری و پارتی دیموكراتی كوردستان، ڕۆڵی كاریگەری خۆی دەگێڕێت (گۆڤاری پێشەنگ، 1983 ،ژمارە 4، ل ل 1-2). لەو چوارچێوەیەشدا ساڵی 1942 لە ڕووداوەكانی بەرهەڵستی و دژایەتی فەرمانڕەوایەتی ئەوكاتەی سلێمانی و بەهۆی كردنەوەی ئاگری نەورۆزەوە، نووری شاوەیس لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیەكانی دەستگیر دەكرێت و بۆ ماوەیەك دەخرێتە زیندانەوە(شێخ سەلام، 1999، ل ل29).

نووری شاوەیس لە كۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ساڵی 1953 دەبێتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، بەمەش وێڕای كاری میری لە كاری سیاسی بەردەوام دەبێت. كاتێكیش دوای شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 زەمینەی كاری ئاشكرا دێتە پێشەوە، ناوبراو لەگەڵ هاوڕێیەكانی بە فەرمی داوای وەرگرتنی مۆڵەت بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان لە حكومەت دەكەن. ئیدی بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1961 هەڵدەگیرسێت و بەغدا جێ دێڵێت و دەچێتە شاخ و بەشداری خەباتی چەكداری دەكات، بەمەش تا ساڵی 1970 لە شاخ دەمێنێتەوە (شارەزا، 2014، ل 63).

وەك ئاماژەمان بۆ كرد لە دوای بەیاننامەی 11ی مارتی 1970 نووری شاوەیس دەبێتە وەزیر، ئیدی تا تێكچوونەوەی پێوەندییەكان لە بەغدا دەبێت، بەڵام لەگەڵ دەستپێكردنەوەی



Ahmad.ameen@su.edu.krd

خەباتی چەكداری لە مارتی 1974، بەغدا بە جێدێلێت و دەچێتەوە شاخ، بەمەش بەردەوام دەبێت تا نسكۆی شۆڕش ساڵی 1975.

نووری شاوەیس لە دامەزراندنەوە سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستان ساڵی 1976 بەشداری دەكات و لە داڕشتنەوەی بەرنامەی كاركردنی ڕۆڵی دیاری دەبێت. بەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەوەی دواتر جیادەبێتەوە و ساڵی 1980 لەگەڵ هاوڕێیەكانی بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان(2). ئەو ماوەیەش زۆربەی كاتەكانی لە دەرەوەی وڵات دەبێت و لە چالاكییەكانی وەك بەشداربوون لە كۆنگرەی یەكێتی قوتابیان و لاوانی كوردستان لە ئەوروپا ساڵی 1983 بەشدار دەبێت و تێیدا جەخت لەسەر یەكڕیزی لایەنە كوردییەكان دەكاتەوە (شاویس، 1985، ل 40).

شایەنی باسە، نووری شاوەیس ساڵی 1944 هاوسەرگیری لەگەڵ ناهیدە شێخ سەلام (1922-2005) كردووە و خاوەنی شەش منداڵە، بە ناوەكانی: ڕۆژ، ڕەنج، ڕزگار، پشكۆ، ڕاست و بروسك.

نووری شاوەیس لە دواساتەكانی تەمەنیدا بەشێك لە بیرەوەرییەكانی نووسیوەتەوە و بڵاوكردوونەتەوە(3)، بەڵام وا دیارە مەرگ مەودای نەداوە تەواویان بكات، چونكە بەهۆی نەخۆشییەوە لە 15ی تشرینی دووەمی 1983 لە لەندەن كۆچی دوایی كردووە و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەكەی گەڕێنراوەتەوە شاری سلێمانی و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 7، ل2).

## 2.خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس

وەك ئاماژەمان بۆ كرد، نووری شاوەیس لە دوادواكانی تەمەنیدا دەستیكردووە بە نووسینەوەی بیرەوەرییەكانی و بڵاویكردوونەتەوە. بەڵام سەرەتا لە دووتوێی كتێبێكی سەربەخۆ نا، بەڵكو بەش بەش لە گۆڤاری (پێشەنگ)(4)دا بڵاویكردوونەتەوە. لەو بارەیەوە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پێشەنگ نووسیویانە:" **هەڤاڵی تێكۆشەر نوری شاوەیس ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتەكەمان، پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان، دەستی كردوە بە نوسینەوەی بیرەوەرییەكانی خۆی ... گۆڤاری (پێشەنگ) بەپێخۆشحالییەوە لاپەڕەكانی ئەو بیرەوەرییە گرنگانە بڵاودەكاتەوە...".** هەروەها كاتێكیش دوا بەشی بیرەوەرییەكەیان بڵاوكردۆتەوە دەڵێن:" **ئەم بەشە، دوا بەشی بیرەوەرییەكانی مامۆستا نوری شاوەیسی نەمرن، داخمان ناچی كە بەر لە تەواوكردنی سەرجەمی بیرەوەرییەكانی، مەرگ لێ ی دوورخستینەوە"** (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل 9؛ گۆڤاری پێشەنگ، 1985، ژمارە 9، ل14).

بەسەرنجدان و وردبوونەوە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی بیرەوەییەكانی نووری شاوەیس، وا دەردەكەوێت هەندێك لە بەشەكانی بیرەوەرییەكان دەكەوێتە دوای مەرگی ناوبراوەوە، لەبەر ئەوەی نووری شاوەیس خۆی لە 15ی تشرینی دووەمی ساڵی 1983 كۆچی دوایی كردووە، كەچی دوا بەشی بیرەوەرییەكانی لە گۆڤاری پێشەنگ لە ژمارە (9)ی، تەمموزی 1985 بڵاوكراونەتەوە.

گرنگ و بایەخ و ڕۆڵی كەسێتی نووری شاوەیس لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردی بەگشتی و خەبات و تێكۆشانی ئەوكاتەی لەنێو ڕیزەكانی پارتی گەلی دیموكراتی كوردستاندا بەتایبەتی، وایكردووە بیرەوەرییەكانی تەنیا لە دووتوێی ناو گۆڤاری پێشەنگ نەمێنێتەوە، بەڵكو وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی گەل (الشعب) زمان حالی پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان بڵاوكراوەتەوە(5).

شایەنی باسە، دوای زنجیرە بیرەوەرییەكان بە زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەی گەل (الشعب) لە مارتی 1985 بڵاوكراوەتەوە (جريدة، الشعب، العدد 14، اذار1985)، بەڵام دیسانەوە لەبەر گرنگ و بایەخی ئەمجارەیان لە دووتوێی كتێبێكیدا بە زمانی عەرەبی پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان وەك بڵاوكراوەی خۆی ساڵی 1985 چاپی كردووە.

كتێبەكە بە قەبارەی مامناوەند چاپكراوە. لەسەر بەرگی كتێبەكەدا وێنەیەكی ڕەش و سپی نووری شاوەیس دانراوە، نووسراوە تێكۆشەری كۆچكردوو، لە پەڕی دواتردا ئاماژە بە نۆرە و ساڵی چاپ كراوە. لە بەرگی دواوەیدا لۆگۆی



Ahmad.ameen@su.edu.krd

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دانراوە، لە خوارەوەشدا ئاماژە بە نرخی کتێبەکە کراوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە، کە لە بڵاوکراوەکانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانە. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، شوێنی چاپ و ئەو چاپخانەی کتێبەکەی تێدا چاپکراوە دیار نییە، هەروەها ئاماژە بە تیراژ و ناوی دیزاینەری کتێبەکەش نەکراوە.

تێکڕای کتێبەکە بەسەریەکەوە (94) لاپەڕەیە، سەرەتا بە کورتەیەك لە ژیانی نووری شاوەیس دەستپێدەکات و لە لایەن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوە. بابەتی یەکەمی نووری شاوەیس باسی دەکات، کۆمەڵەی ئازادی کوردە، بە دوای ئەویش دێتە سەر کۆمەڵەی برایەتی کورد، ئینجا کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا، بە دوای ئەوەوە بەردەوام دەبێت لەسەر باسکردنی ڕووداوەکان، بێ ئەوەی ناونیشانیان پێ بدات، تا دێتە سەر شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 و گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی (1903-1979) بۆ عێراق، لە پاشان لە سەرە باسێکی دیکەدا نووسیویەتی، خراپبوونی پێوەندییەکان و سەرەتای شۆڕش. بەمەش بیرەوەرییەکانی کۆتاییان دێت. کەواتە تێکڕای بیرەوەرییەکان تا ساڵی 1961 دەگێڕێتەوە.

لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەدا، ئاماژە بە دوا نامەی نووری شاوەیس کراوە، کە بۆ سامی عەبدولڕەحمان (1939-2005) سکرتێری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ناردوویەتی، دوای ئەوەش لە کۆتاییەکەیدا سامی عەبدولڕەحمان ئاماژەی بە چەند بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ نووری شاوەیسدا کردووە.

ئەوەی هەیە لە دووتوێی کتێبەکەدا، کە چاپکراوی دەقە عەرەبییەکەیە، لە ڕۆژنامەی گەل بڵاوکراوەتەوە و توێژەر کاری لەسەر کردووە، بەڵام بۆ ڕاستی و دروستی زانیارییەکانیش پەنابراوەتە بەر بەراوردکردنی دەقە کوردییەکە و عەرەبییەکە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت لە هەندێك شوێندا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە.

لە لاپەڕە (8)ی چاپی کتێبەکەدا، کە تێدا باسی مەسەلەی مافی کورد و ڕووداوەکانی دوای ساڵی 1925 کراوە، زانیارییەکان وەکیەك نییە، لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا زیاد و کەم کراوە. (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل9). لە لایەکی دیکەدا هەر لە لاپەڕە (8)دا، تەمەنی نووری شاوەیس کراوە بە پازدە ساڵ، لە کاتێکدا لە کوردییەکەدا سێزدە نووسراوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل9). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت زانیاری ناو گۆڤارەکە ڕاسترە، لەبەر ئەوەی نووری شاوەیس ساڵی 1922 لەدایکبووە.

لە کتێبەکەدا کاتێك باس لە ڕۆڵی کۆمەڵەی ئازادی کورد لەنێو ڕووداوەکاندا کراوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کۆمەڵەکە لقی لە بەغدا، خانەقین، کەرکوك، هەولێر و هەڵەبجە هەبووە، بەڵام لە کوردییەکەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، لقی کۆمەڵەکە لە سلێمانی و هەڵەبجەدا هەبووە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل11). بەمەش زۆرێك لە سەرچاوەکان بە پشتبەستن بە دەقە عەرەبییەکە، کەوتوونە هەڵەوە و ئاماژەیان بە چالاکی ئەو کۆمەڵەیە لە شارەکان کردووە[(6)].

لە لاپەڕە (13)ی کتێبەکەدا، باسی لە کەسایەتی مەجید یەعقوبی کراوە، کە ساڵی 1937 بۆتە موتەسەڕیفی سلێمانی، لەنێو ئەو باسکردنەدا ئەوە قرتێنراوە لە کوردییەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، مەجید یەعقوبی لە کەرکووك ژیاوە و خۆی بە تورکمان داناوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل12).

لە لایەکی دیکەوە لە لاپەڕە (14)دا، ئاماژە بە کەسایەتی مەحموود جەودەت (1889-1937) کراوە، لە کتێبەکەدا نووسراوە فیشەکی بە بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینەوە (سنوی) ناوە، کەچی لە کوردییەکەدا نووسراوە کابرایەکی بە ناوی (سنەوی) کوشت، بوو(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل12).

لاپەڕە (16)، کە تایبەتە بە باسکردنی کۆمەڵەی برایەتی، تێیدا نووسراوە، پایزی ساڵی 1938 دامەزراوە. دواتریش ئاماژە بە ناوەکانی دەستەی دامەزرێنەر کراوە، کەچی لە کوردییەکەدا ساڵەکە ساڵی 1937 و ڕیزبەندی ناوەکانیش لەگەڵ عەرەبییەکە وەکیەك نییە(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 2، ل13).

لە لاپەڕە (18)دا، کە باس لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر کراوە، نووسراوە دارکەر واتە چیلکەچن و چیلکەفرۆش، کەچی لە کوردییەکەی ئەو ڕوونکردنەوەی تێدا نییە، هەروەها کاتێك دێین سەیری ناوی ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر لە



Ahmad.ameen@su.edu.krd

کتێبەکەدا لەگەڵ دەقە کوردییەکە دەکەین، جیاواز دەبین، وەك ئەوەی لە کتێبەکە نووسراوە حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا، کەچی لە کوردییەکەی سەید عەلی خانەقا نووسراوە. مووسا ئەحمەد لە کتێبەکە نووسراوە، وەکی دیکە مووسا سەمەدە، مەهدی حاجی محەمەدی خوێفرۆش بە تەنیا ئاماژە بۆ کراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی عەلی برا بکرێت. بۆ نوورەدین بەهائەدین نەنووسراوە خەڵکی کەرکووکە، کە لە کوردییەکە ئاماژەی بۆ کراوە. لە کوردییەکەدا تەنیا نووسراوە فوئاد مەستی، کەچی لە کتێبەکەدا ئەحمەدی بۆ زیاد کراوە(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل ل7-8).

لە لاپەڕە (22)ی کتێبەکەدا، باسی گربوونەوەی ژمارەیەك کەسایەتی دەکات، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە دەوری پارتی هیوا کۆبوونەتەوە، بەڵام کاتێك بەراوردی دەکەیت بۆت دەرکەوێت، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەقە کوردییەکان ناویان هاتووە، زیاترە لەوەی لە کتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل9).

لاپەڕە (23) بەر لە برگەی لە ماوەی مانگی شوباتی ساڵی 1940، برگەیەك هەیە لە کوردییەکەدا و لە عەرەبییەکە قرتێنراوە، کە تێیدا هاتووە: " **لەو ساڵەدا بەڕاستی کۆمەڵەی هیوا زۆر زیاتر تەشەنەی کرد و پەرەی سەند و لە ناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی هەولێر و کۆیە و سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکوك و بەغدا، لە ناو چینی کرێکاران و جوتیاران و بەشی قوتابیان و کاربەدەست و مووچەخۆرەکان"**(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل9).

لە بارەی چالاکییەکانی پارتی هیوا، لە دەقە کوردییەکەدا، لە گۆڤاری پێشەنگ لە ژمارە (3) نووسراوە: " **کۆمەڵەی هیوا بەیاننامەی ناوبەناوشی هەبوو ... بۆ نموونە بۆ یادکردنەوەی ڕاپەڕینەکەی دژ بە ڕێکەوتنەکەی سەعد ئاباد کە لە ساڵی 1930دا...**" (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل10). کەچی لە کتێبەکەدا نووسراوە: " **... بۆ نموونە لە زیندووکردنەوەی یادی ڕاپەڕینی 6ی ئەیلولی 1930دا ...**" (شاویس، 1985، ص24).

ئەوەی پێوەندی بە ڕەوشی عێراق لە ماوەی ڕاپەڕینی مایس – حوزەیرانی ساڵی 1941 هەیە، لە کتێبەکەدا ئاماژە بەو تاڵان و بڕۆییە کراوە، کە لە بەغدا ئەنجامدراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ئەو تاڵان و بڕۆییە بە تایبەت لە ماڵە جوولەکەکان کراوە، کەچی لە دەقە کوردییەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل11).

لە لایەکی دیکە، کاتێك لە لاپەڕە (29)دا باس لە هەوڵەکانی حیزبی هیوا کراوە لە سەروبەندی ڕووداوەکانی مایسی - حوزەیرانی ساڵی 1941دا، باسی ئەو ڕۆژگارە کراوە، لە دەقی ناو کتێبەکەدا برگەیەك بوونی نییە، کە تێیدا وتوویەتی:" **... ئەو ڕۆژە لەبەر چایخانەکەی حەمە ڕەق لیژنەی سەرکردایەتی هیوا دانیشت خەریکی گفت و گۆکردن بووین لە ناکاو پۆلیس هات و منیان گرت و بردیانم بۆ بەندیخانە، تەنیا کەسێك بووم لە کۆمەڵەی هیوا کە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی دا گیرام، لەبەر ئەوە بە جنێودان دابەزیم بەسەر شێخ قادر و حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و میرزا تۆفیق و ئابروم بردن"**(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل12).

لە لاپەڕە (32)دا، کە ڕووداوە ناوخۆییەکانی پارتی هیوای تێدا باسکراوە، ناوی سەید عەزیز ناوێك هاتووە، لە کتێبەکەدا پاشگری شەمزینی بۆ نووسراوە، لە کاتێکدا لە کوردییەکەی نووسراوە سەید عەزیزی شێخ بزێنی(گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل13). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت دەقە کوردییەکە ڕاستترە، لەبەر ئەوەی ئەو دەمە سەید عەزیزی شەمزینی لە ڕووسیا بووە.

لە لایەکی دیکەدا، کە لە بارەی کۆتاییەکانی حیزبی هیوا دەدوێت، نووری شاوەیس لەوەی کە سەرەتا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: " **... ساڵی 1944 لە بەغدا تەنیا ئەحمەد ئەفەندی مابووەوە لە لیژنەی مەحەلی بەغدا، لە سلێمانیش عەلی حمدی مایەوە، ئەو مۆرەکەی کۆمەڵەی هیوای بەدەستەوە مابوو ...**" (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 3، ل13).. کەچی لە کتێبەکەدا لە لاپەڕە (32)دا بەم شێوەیە نووسراوە:" **... لە ساڵی 1944 جگە لە عەلی حەمدی کە مۆری کۆمەڵەی لابوو ...**". بەمەش ئەوە تێبینی دەکرێت، باسی ئەحمەد ئەفەندی قرتێنراوە.



Ahmad.ameen@su.edu.krd

نووری شاوەیس کاتێك باس لە ناردنەوەی هەمزە عەبدوڵڵا دەکات لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە، نووسیویەتی ساڵی 1944 نێرداوەتەوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 4، ل7)، کەچی لە کتێبەکەدا لە لاپەڕە (36)دا کراوەتە بەهاری 1945.

لاپەڕە (38) تێیدا باس لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە بەغدا لە دژی دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراق کراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ساڵەکەی بکرێت. لێرەشدا ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە ئەوەیە لە کتێبەکەدا هاتووە، خوپێشاندانەکە لە کۆلێژی ئەندازیارییەوە دەستیپێکردووە، گەیشتوونەتە هۆڵی مەلیك فەیسەڵ، بەڵام لە کوردییەکەدا نووسراوە خوێندکارانی کۆلێژەکانی دیکە بە خۆپێشاندان گەیشتنە لای بەندیخانە و لای هۆڵی گەل، نزیك وەزارەتی بەرگری (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 4، ل8).

لە لاپەڕە (39 – 41)دا نووری شاوەیس باس لە هەوڵەکانی دەکات، بۆ ڕازیکردنی سکرتێر و ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ك) لقی باشووری کوردستان، تا ئەوەی لەگەڵیاندا لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا هەماهەنگی بکەن، بەڵام کە دێین بەراوردی دەکەین لەگەڵ کوردییەکەیدا، زانیارییەکان وەکیەك نین، ئەوەی لە کوردییەکەدا هاتووە هەمووی وەرنەگێردراوە (گۆڤاری پێشەنگ، 1983، ژمارە 4، ل8).

جێگەی خۆیەتی بوترێت، لە لاپەڕە (46)دا نووری شاوەیس باس لە گەڕانەوەی ئەفسەرەکان بۆ عێراق دەکات و ڕووداوەکانی ئەو دەمە باس دەکات، لە دەقە کوردییەکەدا بە دوو بڕگە باسی لە ڕەوشی بارزانییەکان و هێزەکەی مەلا مستەفا کردووە. بەڵام ئەو دوو بڕگەیە لە کتێبەکەدا بوونی نییە (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 5، ل ل 7-8).

نووری شاوەیس لە بیرەوەییەکانیدا لە لاپەڕە (55)، ئاماژە بە ڕووداوێکی ساڵی 1947 دەکات لە شاری سلێمانی، لەنێو ئەو ڕووداوە باسی ساڵح قەفتان دەکات، لە کتێبەکەدا ئەوە تێدا نییە، کە نووسیوییەتی:" **... ئەو کاتە کوڕەکانی ساڵح قەفتان و حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و میرزا تۆفیق قەزاز، هەر چەندە لە خێزانی بۆرژوا و ئاغاکان بوون، لەو ماوەیەدا هەموو بووبوون بە کۆمۆنیست و لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدارییان دەکرد"** (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 6، ل8).

لە بارەی چالاکییەکانی لە ساڵی 1949 لە کوردییەکەیدا نووسراوە خزمەتی خۆی گواستوتەوە بۆ هەولێر (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 6، ل8)، کەچی لە کتێبەکەدا لە لاپەڕە (57) نووسراوە خۆی گەیاندۆتە هەولێر.

لە لاپەڕە (62)ی کتێبەکەدا باسی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سەرەتای پەنجاکان کراوە و تەنیا ئەوە هاتووە، کە هەمزە عەبدوڵڵا هەوڵی جودابوونەوە و خۆسەپاندنی داوە، بەڵام لە کوردییەکەدا هەندێك بابەتی تر لە بارەی هەمزە عەبدوڵڵا نووسراوە، وەك:" ... **جگە لەوەش پەیوەندی هەبوو بە سعید قەزاز و تۆفیق قەزارەوە، دەیویست سعید قەزاز ژنەکەی بۆ نەقڵ بکا بۆ موصڵ** ..." (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 6، ل10).

ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر لە بارەی تواناکانی هەمزە عەبدوڵڵا و لێهاتوویی ناوبراو لە بوونی بە سکرتێری پارتی لە کتێبەکەدا تەنیا باسی ئەوە کراوە، ناوبراو خاڵی لاوازی هەبووە، بێ ئەوەی وردەکارییەکەی بنووسرێت، کەچی لە کوردییەکەیدا نووسراوە:" **لەوانە بوو گەر مانگێك لە ماڵێكی خۆش و خواردن و خواردنەوە و ژیانێکی خۆشی هەبێ، نەرم بێ دوژمنان چی لێ داوا بکەن بۆیان بکات"** (گۆڤاری پێشەنگ، 1984، ژمارە 7، ل14).

شایەنی باسە، لە بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس ئەوە بەدی دەکرێت، بە پشتبەستن بە یادگەی خۆی بەشێکی زانیارییەکانی گێڕاوەتەوە و بەشەکەی دیکەشی لە کەسانی دیکە گوێی لێبوون و ئاماژەی بۆ کردوون، بۆیە کاتێك دێین لە زانیارییەکان ورد دەبینەوە، ئەوە بەدی دەکرێت، کە لە هەندێك شوێن زانیارییەکانی دروست نین و تەواوی نەپێکاوە[7]. بەمەش توێژەر مەبەستییەتی لە تەوەری داهاتوودا بە پشتبەستن بە سەرچاوە، زانیارییەکان ڕاست بکاتەوە.



Ahmad.ameen@su.edu.krd

## 3.بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس و ڕاستکردنەوەی زانیارییە مێژووییەکانی

نووری شاوەیس سەرەتای بیرەوەرییەکانی بە باسکردن لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکات و دەڵێت:"**پاش دوایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە دیاریکراوی ساڵی 1917 و سەرەتای ساڵی 1918، ئەفسەرە کوردەکان، کە لەو شەڕ گەورەیەدا بەشدابوون، گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە کوردستان، ...**" (شاویس، 1985، ص8). وەك دەبینین لەو بڕگەیەدا کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە ئاگربڕی مۆدرۆس لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە 30ی تشرینی یەکەمی 1918 کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهانی هێنا (ئیدمۆنس، 2004، ل54).

لە لایەکی دیکەوە هەر لە بارەی سەردەمی دوای جەنگ و ڕەوشی سلێمانی، نووری شاوەیس ئاماژە بە شەڕی نێوان هێزەکانی بریتانیا و شێخ مەحموود (1881-1956) لە بەردەقارەمانە دەکات، بەمەش نووسیویەتی شێخ مەحموود و هێزەکەی لە 29ی حوزەیرانی 1919 لە بەردەقارەمانە تێکشکان (شاویس، 1985، ص8). لەوەشدا کەوتۆتە هەڵەوە، لەبەر ئەوەی تێکشکانی هێزی شێخ مەحموود لە بەردەقارەمان لە 19ی حوزەیرانی 1919 بوو، نەوەك 29ی حوزەیران (هاوار، 1990، ل518).

نووری شاوەیس سەرەتای تێکەڵاوبوونی بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی ئازادی کورد[8]، کە ساڵی 1935 لەسەر دەستی مامۆستا مەحموود و بە بەشداری هاوڕێ خوێندکارەکانی لە شاری سلێمانی دامەزراوە. لەو چوارچێوەیەشدا ئاماژە بۆ بەشداربوون لە شانۆگەرییەك دەکات بە ناونیشانی (مەم و زین)، کە گوایە خۆیی و هاوڕێ خوێندکارەکانی بەشداریان تێدا کردووە. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، نووسیویەتی قازانجی شانۆگەرییەکە بۆ کۆمەڵەی زانستی بووە، کە بەپێی یادداشتەکانی نووری شاوەیس بێت، ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵانی بیستەکان لە لایەن پیرەمێری شاعیرەوە وەك خوێندنگایەك بۆ فێربوونی زمانی کوردی دامەزراوە (شاویس، 1985، ص ص 17-18). بەڵام نووری شاوەیس زانیارییەکانی لەبارەی کۆمەڵەی زانستی کوردان و دەستەی دامەزرێنەری دروست نین، چونکە ئەو کۆمەڵەیە لە نیسانی 1926 لەسەر دەستی ژمارەیەك نیشتمانپەروەری شاری سلێمانی بە مەبەستی گەشەپێدانی زانستی و فێرکردنی زمانی کوردی دامەزراوە. یەکەمین دەستەی کارگێڕیشی پێکهاتبوون لە: ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی سلێمانی- سەرۆك، جەمال بەگی بابان - جێگر، ئەندامێتی هەر یەك لە: شێخ مستەفا ئەفەندی، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، غەفور ئاغا، ڕەمزی ئەفەندی، فائیق بەگی مەعروف بەگ - ژمێریار، ڕەفیق تۆفیق ئەفەندی - باوەڕپێکراو (ڕۆژنامەی ژیان 1926، ژمارە 11و 12؛ حمدي، 1991، ص ص 203-204؛ ئەمین، 2013، ل ل 125-127). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، پیرەمێری شاعیر کۆمەڵەی زانستی کوردانی دانەمەزراندووە، بەڵکو لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی چەند کەسێك لە دەستەی کارگێڕیی، پیرەمێر بە دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە.

نووری شاوەیس لەبارەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئازادی کورد دێتە سەر ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد ساڵی 1937 و دەنووسێت:" **ساڵی 1937 ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد، لە لایەن حکوومەتەکانی عێراق و ئێران، تورکیا و ئەفغانستان بەسترا، دواتر سعودییەش چووە پاڵی، بەستنی ڕێککەوتننامەکە بە هاندانی داگیرکاری بەریتانیا و فەرەنسا بوو...**". بە دەم باسکردنی ئەو بابەتەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:" **کۆمەڵەی ئازادی کورد بە توندی دژ بەو ڕێککەوتننامەیە وەستایەوە و، بە پیلانگێری دژ بە میللەتی کورد لە قەڵەمی داو، بەیاننامەیەکی لەو بارەیەوە دەرکرد، کە بۆ لقەکانی کۆمەڵە لە بەغدا، خانەقین، کەرکوك، هەولێر و هەڵەبجەمان نارد...**" (شاویس، 1985، ص13). لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت نووری شاوەیس کەوتۆتە هەڵەوە، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد سعودیا تێدا نەبۆتە ئەندام، هەروەها فەرەنساش ڕۆڵی لە گرێدانی ڕێککەوتنەکەدا نەبووە (الحسني، دون سنة طبع،



Ahmad.ameen@su.edu.krd

ص356). ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە وا پێشاندراوە كۆمەڵەی ئازادی كورد لقی لە شارەكانی بەغدا و خانەقین و كەركووك و هەولێر و هەڵەبجە چالاكییان هەبووە، بەڵام بە وردبوونەوەمان لە زانیارییەكانی ناو بیرەوەرییەكەدا، بۆ مان دەردەكەوێت چالاكی كۆمەڵەی ئازادی كورد بازنەی شاری سلێمانی تێنەپەڕاندووە، چونكە ئەگەر كۆمەڵەی ئازادی كورد چالاكی لە شارەكانی دیكە هەبوو بێت بۆچی لە هاوینی ساڵی 1938، بە گواستنەوەی خوێندنی بەشێك لە ئەندامەكانی بۆ كەركووك و بەغدا هەڵوەشاوەتەوە (شاویس، 1985، ص15). چالاكی ئەندامەكان بۆ لقی كەركووك و یان لقی بەغدا نەگواستراوەتەوە.

جێگای ئاماژە بۆكردنە، نووری شاوەیس كاتێك دێت و لەبارەی كۆتایی هاتنی كۆمەڵەی برایەتی دەنووسێت، ئاماژە بە چەند هۆكارێك دەكات و دەنووسێت:" **... بەم شێوەیە كۆمەڵەی برایەتیی كورد تاكوو ساڵی 1943 بەردەوام بوو،...**" (شاویس، 1985، ص17). بەمەش زانیارییەكەی دروست نییە، چونكە بەشێك لە ئەندامانی كۆمەڵەی برایەتی پێیان وایە كۆمەڵەكە ساڵی 1941 هەڵوەشاوەتەوە (زەند، 1999، ل60؛ شوانی، 2008، ل ل167-171). جگە لە مەلا ئەسعەدی مەحوی نەبێت، كە پێی وایە تا ساڵی 1944 لە كاركردن بەردەوام بووینە. بەمەش لە هەردوو بارەكەدا نووری شاوەیس كەوتوتە هەڵەوە.

لەبارەی كۆمەڵەی (داركەر)ەوە، نووری شاوەیس لە بیرەوەییەكانیدا نووسویەتی:" **لە پاییزی ساڵی 1938 لەبەرنەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی لە سلێمانیدا، ...، بۆ خوێندنی دواناوەندی ڕۆیشتینە لیوای كەركووك، ... لەو ساڵەدا...، عەبدوڵڵا توفیق جەوهەریش لە پۆلی چوارەمی وێژەیی بوو، بە چەند قوتابییەكی كوردی تر ئاشنا بووین كە لە كۆیە و هەولێرەوە هاتبوون، لە وانە جەمال حامد بەگ و یوونس دڵداری شاعیریش لە كۆیەوە هاتبوو، ... زۆری نەبرد پێوەندی هاوڕێیەتی و دۆستایەتیی نێوانمان گەلێك پتەو بوو، هەر بۆیە بڕیارمان دا كۆمەڵەیەكی سیاسی دامەزرێنین ... ناوی (داركەر)مان لە كۆمەڵەكەمان نا**" (شاویس، 1985، ص19). دەتوانرێت بوترێت دووبارە نووری شاوەیس تەواوی نەپێكاوە، لەبەر ئەوەی یەكەم كەس بیری لە دامەزراندنی كۆمەڵەكە كردبێتەوە دڵداری شاعیر بووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە نیوەی یەكەمی ئەیلولی 1937 یەكەمین كۆبوونەوەی لە كەركووك بە ژمارەیەك خوێندكار كردووە، دواتریش بۆ دووەمین كۆبوونەوەی لە ماڵی بورهان جاف لە گەڕەكی بەگلەر دانیشتوون بڕیاری دامەزراندنی كۆمەڵەی داركەر یان داوە (الطالباني، 2002، ص ص 43-44).

لە لایەكی دیكەوە كاتێك لە بارەی گەشەسەندنی چالاكییەكانی كۆمەڵەی داركەر دەنووسێت و دێتە سەر گۆڕینی ناوەكەی و دەڵێت:"... **پاش تێپەربوونی ماوەیەك چالاكیی كۆمەڵەی داركەر زیادی كرد ...، بەتایبەت لە بەهاری ساڵی 1939، كە كاتی پشووی نیوەی ساڵی قوتابخانەكان بوو، بۆیە گەڕاینەوەی سلێمانی و، توانیمان لە وێ پێوەندی بە خەڵكانێكی زۆرەوە بكەین، بەڵام لە وەرزی هاویندا، پاش پشووی كۆتایی ساڵی خوێندن، ...، بیرمان لەوە كردەوە ناوی كۆمەڵەكە بگۆڕین... پاش پشووی نیوەی ساڵی خوێندن دەوروبەری مانگی نیسانی ساڵی 1939 داوای بەستنی كۆبوونەوەیەكی فراوانمان كرد، تاكوو پێداچوونەوە بە پرسی گۆڕینی ناوی كۆمەڵەكەمان داركەر بكەین و،...، كۆبوونەوەكەمان لە كەركووك، لە ئوتێلێك بەرانبەر ڕووباری خاسە بوو، لەو كۆبوونەوەیەدا ڕێككەوتین ناوی كۆمەڵەكەمان لە داركەرەوە بۆ هیوا بگۆڕین ...**" (شاویس، 1985، ص20). نووری شاوەیس ئەمجارەشیان لە گێڕانەوەكەیدا كەوتۆتە جۆرێك لە تێكەڵاوی، وەك ئەوەی جارێك دەنووسێت دوایی پشووی كۆتایی ساڵ و جارێكی دیكە دەڵێت: دوای پیشووی نیوەی ساڵ، سەرەڕای ئەوەش لە باسكردنی مێژووی ڕووداوەكاندا ورد نەبووە و ڕاستییەكەی نەنووسیوە، لەبەر ئەوەی كۆبوونەوەی گۆڕینی ناوی كۆمەڵەی داركەر لە كەركووك لە باخچەی (ام الربيعين) لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1938 لە كاتی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە ڕێكخستنی شارەكانی هەولێر، كەركووك، سلێمانی، كۆیە و كفری گرێدراوە و تێیدا گۆڕینی ناوەكەی خراوەتە بەر باس و



Ahmad.ameen@su.edu.krd

لێکۆڵینەوە، ئەنجام بڕیاری ئەوە دەدەن ڕێکخراوە بچووکەکەیان بگۆڕن بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی فراوانتر و ناوەکەشی بکەن بە پارتی هیوا (صابر، 2007، ص108). کەواتە نە دوای پشووی بەهار و نە لە دوای پشووی هاوین و نە لە ئوتێل و نە ساڵی 1939[9] ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام نەدراوە.

لەبارەی دەستنیشانکردن و بوونی ڕەفیق حیلمی (1898-1974) بە سەرۆکی پارتی هیوا، نووری شاوەیس نووسیویەتی:" **لە ماوەی مانگی شوباتی 1940دا، کە پشووی نیوە ساڵی خوێندن بوو، کۆمەڵەی هیوا لە بەغدا کۆبوونەوەیەکی بەست، ... لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارێك درا کە کۆمەڵەکەمان بە بێ سەرۆك نەمێنێتەوە، بۆیە داوامان کرد پێویستە سەرۆکێك بۆ کۆمەڵەکەمان دەستنیشان بکرێت، پاش بیرکردنەوە، کۆبوونەوەوانان ڕێککەوتن باشترین و شیاوترین کەسێك بۆ سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی یە ... داوا لە چەند هاوەڵێکمان لە بەغدا ... کرا بەم ئەرکە هەستن و لەو بارەیەوە پێوەندی بە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)یەوە بکەن، پاش ماوەیەك وەڵام بۆ سەرکردایەتی، ... هاتەوە، ڕەفیق حیلمی قەناعەتی کردووە و ڕازی بووە لە پشووی هاویندا بێتە پاڵ کۆمەڵەی هیوا و، ڕایدەگەیەنین کە سەرۆکی کۆمەڵەکەمانە، ئەوە لە ساڵی 1940 دا بوو، ڕەفیق حیلمی لە بەغداوە بۆ کۆیە سەفەری کرد و، من ئامادە نەبووم، هاوڕێیانمان کە لەوێ بوون بۆ باخەکەی نزیك شار بردبوویان، سوێندنی خواردبوو کە دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە..."** (شاویس، 1985، ص23). لێرەشدا دیسانەوەی نووری شاوەیس زانیارییەکانی دروست نین، چونکە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەی، کە ڕەفیق حیلمی سوێندی سەرۆکایەتی تێیدا خواردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کۆبوونەوەکە لە شەقڵاوە لە بێستانی خەلیل خۆشناو ساڵی 1939 ئەنجام دراوە (صابر، 2007، ص111؛ المزوري، 2008، ص 54).

نووری شاوەیس لەبارەی نووسینی بابەت لەنێو بڵاوکراوەکانی پارتی هیوادا، نووسیویەتی:" **... زانیاری لە بارەی شۆڕشەکەی دەرسیم و ئاگرداغەوە بڵاودەکرایەوە، چونکە ڕووداو گەلی ساڵی 1937 بوون ..."** (شاویس، 1985، ص25). لێرەشدا دووبارە کەوتۆتە هەڵەوە، کاتێك باسی شۆڕشی دەرسیم و ئاگری داغی بەیەکەوە هێناوە و ساڵی بەرپابوونی هەر دووکیان بە ساڵی 1937 نووسیوە، کە ڕاستییەکەی شۆڕشی ئاگری داغ ساڵی1930، حەوت ساڵ پێش شۆڕشی دەرسیم دامرکێنرایەوە (هاوار، 2007، ل ل 76-181).

نووری شاوەیس کاتێك دێت باس لە ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان (1939-1945) دەکات و لە نێویاندا ئاماژە بە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی نیسان - مایسی ساڵی 1941 دەکات، دەڵێت:" **... وەلێ کە هێزەکانی ڕەشید عالی شتکستیان هێنا و کشانەوە، دەستبەجێ هێزەکانی ئینگلیز دەستیان وەردا و دووبارە بەغدایان داگیرکردەوە، بەم هۆیەشەوە وەصی لە پێگەکەی دووخرایەوە و، لە جیاتیی ئەو شەریف شەرەف یان هێنا، ... لە لایەکی تریشەوە ڕەشید عالی ئاگادارییەکانی بە فڕۆکەکان بەسەر خەڵکدا فڕێ دەدا، ...، بەڵام کاتێك لە لایەن داگیرکارەوە شکستی پێ هێندرا، خۆی و وەزیرانی و ژمارەیەك لە ئەفسەران، کە موفتی حسێن فەلەستینیشیان لەگەڵدا بوو، ڕوویان کردە تورکیا..."** (شاویس، 1985، ص27). دیسانەوە کۆمەڵێك بابەتی بەسەریەکەوە باسکردوون و بە هەڵە ئاماژە بۆ کردوون. لە وانە دوورخستنەوەی وەصی عەبدولئیلا (1913-1958) و دانانی شەریف شەرەف (1881-1954) لە شوێنی، چونکە بەر لە شکانی ڕاپەڕینەکە بووە، نەوەك دوای شکانی ڕاپەڕینەکە (محاضر مجلس النواب، 1941، ص45؛ الحسني، دون سنة الطبع، ص ص235-242). لە لایەکی دیکەشەوە ڕەشید عالی گەیلانی و هاوڕێیەکانی کاتێك شکستیان خوارد، ڕوویان کردۆتە ئێران نەك تورکیا (تریب، 2010، ل ل 130- 131؛ حەمەدئەمین، 2010، ص 131).

شایەنی باسە، نووری شاوەیس لەبارەی کۆتایی هاتنی پارتی هیوا، نووسیویەتی:" **ساڵی 1943 شۆڕشی بارزان دەستی پێ کرد و، بووە هۆیەك بۆ کۆتاییهاتن بە کۆمەڵەی هیوا، ..."** (شاویس، 1985، ص31). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت دیسانەوەی ناوبراو هەڵەیە، لەبەر ئەوەی پارتی هیوا ساڵی 1943 کۆتایی نەهاتووە، چونکە خۆشی لە دواتر ئاماژە بۆ ساڵی 1945 دەکات، جگە لەوەش پارتی هیوا لە ئەنجامی کۆمەڵێك



Ahmad.ameen@su.edu.krd

هۆكاری ناوخۆ و دەرەكی هەڵوەشاوەتەوە و كۆتایی هاتووە نەوەك شۆڕشی بارزان (المزوري، 2008، ص ص 187-195).

نووری شاوەیس لە بیرەوەرییەكانیدا، كاتێك دێتە سەر گرفت و كێشە ناوخۆییەكانی پارتی هیوا بەتایبەت لە نێوان ڕەفیق حیلمی و ڕێكخستنەكانی خوارەوە، دەڵێت:" **گوتم لەم هاوینەدا كۆنفرانسێك دەبەستین ...، كە دەرگای قوتابخانەكان كرانەوە و كاتی خوێندن دەستپێكرد، لە ناوچەی ئەعزەمییە لە بەغدا كۆبوونەوەیەكمان بەست و نزیكەی حەفتا ئەندام ئامادەی ئەو كۆبوونەوەیە بوون، لە ناوەندی كەركوكەوە دوو كەس ئەوانیش سەید عەزیزی شەمزینی و سەید تەهای بوون، ئامادەبوون..."** (شاویس، 1985، ص32). لێرەشدا بە وردبوونەوەمان لە زانیاری نێو سەرچاوەكان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كە زانیارییەكان دروست نین، چونكە ئەو كۆنگرەییەی ئەو باسی دەكات لە بەغدا نەبەستراوە، بەڵكو لە هاوینی ساڵی 1944 لە كەلار بەستراوە (المزوري، 2008، ص 190). جگە لەوەش عەزیز شەمزینی ئەوكاتە لە یەكێتی سۆڤییەت بووە (شەمزینی، 2011، ل ل36-47). هەروەها ئەوەی تریان سەید تەها نییە، بەڵكو مەحموود شێخ تەها ئەندامی لقی كەركووك بووە (باوەر، 2000، ل98، بەهرۆز، 2006، ل10).

لە لایەكی دیكەوە لەبارەی ناوەڕۆكی كۆبوونەوەكەدا، ئاماژە بۆ گفتوگۆ و ناكۆكییەكانی ناو كۆبوونەوەكە دەكات، بێ ئەوەی ڕوونی بكاتەوە ناكۆكییەكان لەسەر چی بوون، تەنیا ئەوەندە دەنووسێت:" **... سەید عەزیز بێ دەنگ بوو و نەیتوانی هیچ بڵێت، بۆیە خۆی و سەید تەها لە كۆبوونەوەكە دەركران ..."** (شاویس، 1985، ص33). لێرەشدا ڕاستییەكەی بریتییە لە بوونی گفتوگۆیەكی توند لە لایەن مەجید عەلی و مەحموود شێخ تەها نوێنەری ئەفسەران لەگەڵ ڕەفیق حیلمی، ئەنجام كەسیش لە كۆبوونەوەكە دەرنەكراوە (نەریمان، 1994، ل84).

لەبارەی بارودۆخی پارتی هیوا لە كۆتاییەكانی تەمەنیدا، نووری شاوەیس ئاماژە بۆ ئەوە دەكات ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەندامان دەستیان لە كاركێشاوەتەوە لەو میانەدا نووسیویەتی:" **... ئیبراهیم ئەحمەد ماوەیەك مایەوە، دواتر وازی هێنا و پێوەندی بە (ژ.ك)ەوە كرد ..."** (شاویس، 1985، ص33). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت نووری شاوەیس زانیارییەكەی دروست نییە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە پێشووتر ئەندامی پارتی هیوا نەبووە تا وازی لێبێنێت (ئەحمەد، بێ ساڵی چاپ، ل ل 46-47).

لە لایەكی دیكە هەر لەبارەی دوای قۆناغی پارتی هیوا دەڵێت:" **لەو كاتەدا كە كۆمەڵەی هیوا تێیدا بە كۆتا گەیشت،** ... ، **ئێمە كۆمەڵەیەكی ترمان بە ناوی ڕزگاری دامەزراند، ئەمەیش لەگەڵ فەتاح شاڵی و نووری محەمەددا"**. دوای ئەوەش لەسەری بەردەوام دەبێت و دەنووسێت بەهۆی بوونی چەند كۆمەڵەیەك، بیریان لە دامەزراندنی بەرەیەكی كوردستانی كردۆتەوە و دامەزراندنی تاكە حیزبێكیش لە زەینیان دوور نەبووە. لە لایەكی دیكەدا لەبارەی (یەكێتی تێكۆشین) لقی كورد نووسیویەتی:" **... سەبارەت بەوانەیش كوردەكان كە پێوەندییان بە قاعیدەوە نەكرد هەندێكیان ماركسیی سەربەخۆ مانەوە، بەڵام بەشی زۆریان، لە وانەی وەك حیزبێكی شیوعی مانەوە، لەسەر كۆمەڵە پرسێك لەگەڵ قاعیدەدا ڕێك نەكەوتن و ناوی خۆیان گۆڕی و بوون بە شۆڕش"**. ئینجا دێتە سەر بەردەوامی پێوەندییەكانی ئەو سەردەمە لەگەڵ هاوڕێ فەهد و ئەنجامدانی كۆبوونەوە، لە نێو ئەو باسەشدا نووسیویەتی:" **... منیش كە ئەو دەم لە ڕیزی شۆڕشدا بووم، ئامادەی هەندێك لەو كۆبوونەوانە دەبووم ..."**. جێگای ئاماژە بۆكردنە، نووری شاوەیس لەو چەند پەرگرافەدا، چەند بابەتێك و ڕووداوێكی بەسەر یەكەوە باس كردوون، لە وانە دامەزراندنی حیزبی ڕزگاری، كە تەنیا ئاماژە بە ناوی خۆیی و فەتاح شاڵی و نووری محەمەد دەكات وەك دامەزرێنەر، بێ ئەوەی باس لە چۆنییەتی دامەزراندنی ڕزگاری و تەواوی دەستەی دامەزرێنەری بكات. ئینجا دێتە سەر دامەزراندنی شۆڕش، دەنووسێت لە ڕیزی ئەوانیشدا بووە، تەنانەت بەشداری لە كۆبوونەوەشدا كردووە، كە لەگەڵ هاوڕێ فەهد ئەنجامیانداوە (شاویس، 1985، ص ص34-35). بەڵام بە وردبوونەوەمان لە سەرچاوەكان بۆمان دەردەكەوێت، پارتی كۆمۆنیست لە كوردستانی عێراق (شۆڕش) بەر لە حیزبی ڕزگاری دامەزراوە، بەڵام كاتێك سەركردایەتییەكەی دركی



Ahmad.ameen@su.edu.krd

بەوە كردووە لەبەر چەپییەتی ناتوانێت پەرە بە ڕێكخستن و مەسەلەی ئایدیاكەی بدات، بۆیە بیریان لە دامەزراندنی ڕێكخراوێكی فراوانتر كردۆتەوە تا ئەوەی ڕۆڵی بەرەیەكی نیشتمانی ببنێت و كۆمەڵ و گروپە پێشكەوتنخوازەكان لە دەوری خۆیدا كۆبكاتەوە، ئیدی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵە حیزبی ڕزگاری دامەزراوە (الحیدري، 2004، ص ص 242- 247؛ شریف، 1989، ص ص110 – 115؛ هەوراز، 1993، ل ل 9 -12). نەك وەك ئەوەی نووری شاوەیس باسی لێوە دەكات.

جێگای ئاماژە بۆكردنە، نووری شاوەیس كاتێك باس لە بوونی پارت و كۆمەڵە و ڕێكخراوەكانی سەر گۆڕەپانی باشووری كوردستان لە ناوەڕاستی چلەكان دەكات، دووبارە چەند زانیارییەكی هەڵە و دژ بە یەك باس دەكات، وەك ئەوەی نووسیویەتی:" **لە ساڵی 1945و ، پاش هەڵوەشانەوەی هیوا، ... لەو سەروبەندەی بەرەیەكی دیموكراتی كوردستان پێكهێنرا و، كۆمەڵەیەكی تر بە ناوی كۆمەڵەی ئازادیی كوردستانەوە دامەزرا، كە هەر دوو ئەفسەر: مستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز لە دامەزرێنەرانی بوون"**، دوای ئەوە نووسیویەتی:"**... لەگەڵ ڕێكخستنە پێشكەوتخوازە بچووكەكاندا بە نیازی لێكترنزیكبوونەوە و پێكهێنانی بەرەیەكی كوردستانی بووین، من پێوەندییەكی پێشوەختم لە تەك ئەندامانی ئازادی و ڕێی ڕاست دا هەبوو، ... منیان بە یەكێك لە خۆیان دەزانی، كاتێكیش لێژنەكانی سەركردایەتییان كۆدەبوونەوە، منیان بانگ دەكرد، كە لە بارەی هەڵوێستمەوە لێیان دەپرسیم، ڕاشكاوانە دەمگوت لە ڕێكخستنێكی دیكەدام، وەڵی پێیان دەگوتم: ئێمە لە لایەن فكرییەوە بە یەكێك لە خۆمانت دەزانین"**. لە لایەكی دیكە دووبارە دێتەوە سەر باسیان و دەڵێت:" **كۆمەڵەی ئێمە ڕێی ڕاست و ئازادی تا ئەو كاتە هەر مابوون، یەكێتی تێكۆشین كە دواتر گۆڕا بە شۆڕش، ڕزگاری لەگەڵ پاشماوەكانی هیوادا لە سەرەتای دروستبوونیدا بوو ..."**. ئینجا بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:" **لە هاوینی 1945دا و، لە دوادوایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، كە تازە خوێندن دەستی پێكردبوو، هاوكات ئێمەش سەرقاڵی دامەزراندنی ڕزگاری و شۆڕش بووین.."** (شاویس، 1985، ص ص33 و35و36). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت، ئەوەی نووری شاوەیس بە ناوی كۆمەڵەی ئازادی ناوی دەبات، كۆمەڵەی ئازادی نییە، بەڵكو لیژنەی ئازادییە، كە لەسەر دەستی مەلا مستەفا و ئەفسەرە هاوڕێیەكانی دامەزرا (بارزانی، 2012، ل133). لە لایەكی دیكەشدا خۆی دەڵێت: لە كۆمەڵەی ڕێ ڕاست ئەندام نەبووم، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش ناكات لە ئازادی ئەندام بووبێت، كەچی نووسیویەتی كۆمەڵەی ئێمە ڕێی ڕاست و ئازادی هەر مابوو!. سەرباری ئەوەش نووسیویەتی دەمێك بوو شۆڕش هەبوو، ڕزگاری لە سەرەتای دامەزراندنیدا بوو، بەڵام دوای ئەوە باسی ئەوە دەكات، كە سەرقاڵی دامەزراندنی بووینە. بەمەش دەتوانرێت بوترێت ناوبراو تێكەڵی و ئاڵۆزییەكی لە بیرەوەرییەكانی دروست كردووە، ڕاستی و زنجیرەی ڕووداوەكانی بەسەر یەكەوە باسنەكردووە.

نووری شاوەیس لە بارەی هەنگاوەكانی كاركردنی لەو قۆناغەدا باسی یەكێك لە كۆبوونەوەكانی دەكات، كە لەگەڵ لقی سلێمانی كۆمەڵەی (ژ-ك)دا ئەنجامیداوە، بە گوێرەی زانیارییەكانی بێت، لە كۆبوونەوەكەدا ناهیدەی شێخ سەلام بەشداری كردووە، بەڵام ئەو كات دەستگیرانی نەبووە، بەڵام كاتێك دێت لەسەری بەردەوام دەبێت و لەبارەی دوای ئەو كۆبوونەوە و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دەدوێت دەڵێت:" **ئێمە ئەو كات لەگەڵ ماڵی ماممدا لە خانوویەكدا نیشتەجێ بووین، ناهیدە لە ماڵەوە لەگەڵ لقی ژنانی ژ-ك سەرقاڵی كۆبوونەوە بوو، چاوەڕوانی ئەنجامی كۆبوونەوەی ئێمە بوو، ..."** (شاویس، 1985، ص ص39-40). لێرەدا ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەو ڕووداوانەی، كە نووری شاوەیس باسی دەكات ساڵی 1946ە، تێدا لە لایەك دەنوسێت هێشتاكە ناهیدەخانی مارە نەكردووە، كەچی لە لایەكی دیكەدا دەڵێت: لە ماڵەوە خەریكی كۆبوونەوە بووە، بەمەش دەتوانرێت بوترێت ناوبراو لە ئاماژەكردنی مێژووی هاوسەرگیریی خۆشیدا هەڵەی كردووە، لەبەر ئەوەی ساڵی 1944 هاوسەرگیری لەگەڵ ناهیدەخان كردووە (سەلام، 1999، ل33).

نووری شاوەیس لە بارەی دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كورد و ڕۆڵی هەمزە عەبدوڵلا



Ahmad.ameen@su.edu.krd

دەڵێت:" **... لە بەهاری 1945دا، مەلا مستەفا، هەمزە عەبدوڵلای لە مەهابادەوە بۆ كوردستانی عێراق نارد، بۆ ڕاوێژكردن دەربارەی دامەزراندنی پارتێكی دیموكراتی كوردستانی لە عێراقدا**". پاشان دەنووسێت: " **هەر لەو ساڵەدا، واتە ساڵی 1946 هەمزە عەبدوڵلا لە مەهاباد گەڕابووەوە و، بە ناوی بارزانییەوە قسەی دەكرد، هەروەها باسی لە پێویستی هەبوونی تاكە حزبێكی كوردستانی لە عێراقدا كە لە شێوەی پارتێكی دیموكراتی كوردیدا بێت، دەكرد**". بە دوای ئەوە نووسیویەتی:" **لەو كاتەدا [مەبەستی سەردەمی هەوڵەكانیان بۆ دامەزراندنی پارتی - توێژەر]، هەمزە عەبدوڵلا جارێكی دیكە بۆ بینینی مەلا مستەفا بۆ مەهاباد سەفەری كردەوە**" (شاویس، 1985، ص ص 36 و38و41) لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت دیسانەوە كەوتۆتە هەڵەوە، چونكە مەلا مستەفا و هاوڕێیەكانی لە 11ی تشرینی یەكەمی 1945 چوونەتە سنووری ئێرانەوە(بارزانی، 2012، ل166). ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە هەمزە عەبدوڵلا دوای هاتنەوەی لە مایسی 1946 ئاماژە بۆ ئەوە ناكات بۆ ئەو مەبەستە سەردانی مەلا مستەفای بارزانی كردبێتەوە (من اوراق المناضل...؛ دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا، تشرینی یەكەمی 1998).

نووری شاوەیس وەك كارەكتەرێكی سیاسی، باسی هەنگاوەكانی دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كورد دەكات و، نووسیویەتی:" **پرۆسەی ئامادەكردنی ڕەشنووسی پێڕەوی پارتە نوێیەكە ئەنجام درا و بۆ مەلا مستەفا نێردرا، تاكوو بیخوێنێتەوە ...**". لە لایەكی دیكەوە دەڵێت:" **بڕیاردرا لە 16ی ئابی 1946 كۆنگرە ببەسترێت، هەروەها بڕیاردرا چالاكی پارت و كۆمەڵەكانی تر بوەسترێنرێن و زۆربەی ئەندامانی شۆڕش و ڕزگاری پێوەندی بە پارتە نوێیەكەوە بكەن، بەڵام هەندێك لە ئەندامانی شۆڕش ئامادە نەبوون بێنە ڕیزەوە، چونكە دەیانگوت ئێمە نامانەوێت لەگەڵ خەتی بۆرژوازیدا یەكبگرینەوە و ڕێبازی ماكسێتیی لینینی لەم پارتەدا لە داهاتوودا نامێنێت جەمال حەیدەری یەكێك بوو لەوانە، ...، ساڵح حەیدەری و نافیع یونسیش هەمان هەڵوێستیان نواند و لە كۆنگرەدا ئامادەنەبوون، ئەوە بوو وەك حزبێكی شیوعیی كوردی مانەوە، بنكەكەیان لە كەركووك بوو، هەتا ساڵی 1948 دەستگیركران**" (شاویس، 1985، ص ص41-42). دەتوانرێت بوترێت لەوەشیاندا نووری شاوەیس زانیارییەكانی دروست نین، لەبەر ئەوەی هیچ یەك لەسەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە ناكەن كە ڕەشنووسی پێڕەوی پارتی دیموكراتی كورد نووسرابێت و بۆ مەلا مستەفای بارزانی ڕەوانەكرا بێت تا سەرنج و تێبینی لەبارەوە بدات، بەڵكو ئەوە پێشووتر لە مەهاباد بەشی زۆری یەكلابووبویەوە(حەمەدئەمین، 2017، ل 12- 14). هەروەها ئەو سەركردانەی شۆڕش، كە ناڕازی بوون، ناڕازییەكەیان بەشێكی پێوەندی بە دانانی شێخ لەتیف و كاكە زیاد بە جێگری سەرۆكی پارتی دەگەڕایەوە، جگە لەوەش كە نەچوونە ناو پارتی دیموكراتی كورد، چوونە ناو پارتی كۆمۆنیستی عێراقەوە نەك وەك شۆڕش بێمننەوە، لەبەر ئەوەی شۆڕش هەڵوەشابوویەوە (شریف، 1989، ص ص144-145؛ گۆمەتاڵی، 2012، ل103).

لەبارەی كۆنگرەی یەكەمی پارتی دیموكراتی كورد، نووری شاوەیس نووسیویەتی:" **لە 16ی ئابی 1946 لە كۆیە، كۆنگرە لە ماڵی سەعید فەهیم گرێدرا ... لەوانەی ئامادەی كۆنگرەكە بوون، كاكە زیاد، عەلی حەمدی، مستەفا خۆشناو، نووری ئەحمەد تەها، سەید عەزیز، ئەوانە نوێنەرانی كوردی پەنابەری ئێران بوون ...**" (شاویس، 1985، ص42). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت، نووری شاوەیس بە هەڵەدا چووە، چونكە كۆنگرەی یەكەمی پارتی نە لە كۆیە ئەنجامدراوە، نە لە ماڵی "سەعید فەهیم"یش، بەڵكو لە بەغدا لە ماڵێكدا ئەنجامدراوە. لە لایەكی دیكەشەوە هیچ یەكێك لە مستەفا خۆشناو، نووری ئەحمەد تەها و سەید عەزیز لە كۆنگرەكە بەشدارنەبووینە، چونكە دوو كەسی یەكەمیان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوون و سەید عەزیزش ئەوكاتە لە یەكێتی سۆڤییەت بووە (دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا، تشرینی یەكەمی 1998؛ شەمزینی،2011، ل47؛ دیمانەیەك لەگەڵ پەیمان سەعید فەهیم، هەولێر 28ی نیسانی 2014).

ناوبراو بە دەم گێڕانەوە و بەردەوامی لەسەر بابەتەكە و چۆنییەتی هەڵبژاردنی كەسی یەكەم و سەركردایەتی پارتی دەڵێت:" **بە تێروانین لەوەی**



Ahmad.ameen@su.edu.krd

**مەلا مستەفا ئەو دەم ژەنەڕاڵ و فەرماندەی ئەو سوپایە بوو کە دژ بە شا دەجەنگا لەبەر پێگە و بەهاکەی ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لە لامان..."** بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێدرا، **"... هەروەها بە پاکانەی مەلا مستەفا شێخ لەتیف بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرا ... مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی هەڵبژێدران و، لیژنەی یەکەمەکانی حزب، بۆ ناوچەی بادینان پێکهێندران، کە لە دوو کەس پێکهات، ئەوانیش ساڵح یوسیف و فەریق ئاکرەیی پارێزەر بوو، بۆ هەولێر بڕیاردرا ڕەشید قادر، عەبدولڕەحمان، عەلی عەبدوڵلا، عەونی یوسف بنێردرێن، بۆ سلێمانی نووری محەمەد و تەها محێدین دەست نیشان کران، من و سەمەد (مەنجەڵ)یش بە یەدەگ هەڵبژێردراین..."** (شاویس، 1985، ص ص42-43). لێرەشدا دیسانەوە زانیارییەکانی ورد و دروست نین، چونکە تەنیا شێخ لەتیف بە جێگر دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو لەگەڵ کاکە زیاد وەك جێگری یەکەم و دووەم دەستنیشان کراون. جگە لەوەش هەڵبژاردنی نووری شاوەیس وەك ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سەرچاوەکان پشتڕاست نەکراوەتەوە (عبدالله، 1968، ل ل 52-53؛ کریم، 1998، ص ص 34-35؛ بارزانی، 2012، 189).

لە بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس کاتێك باس لە هەنگاوەکانی مەلا مستەفا دەکات لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە مەلا مستەفا هەر لە سەرەتاوە نیازی چوونی بۆ یەکێتی سۆڤییەت هەبووە و بەرنامەی بۆ دارشتووە (شاویس، 1985، ص46). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە سۆڤییەتییەکان لە پێشووتر پێوەندیان بە مەلا مستەفا کردووە، بەڵام مەلا مستەفا نیازی چۆنە یەکێتی سۆڤییەتی نەبووە، هەر ئەوەش وایکردووە ناوچەی گادری لە سنووری ئێران بە جێ بێڵێت و بێتەوە سنوری عێراق، بەڵام دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبن، لە گوندی درێ کۆبوونەوە دەکەن و بڕیاری لە بارەی بژاردەی چوونە یەکێتی سۆڤییەت دەدەن (دەرگەڵەیی، 2002، ل ل160-161).

شاوەیس، لەبارەی ئەفسەرە بەشداربووەکانی کۆمار نووسیویەتی:**"... زۆربەی ئەفسەرانی کوردیش گەڕانەوە، چونکە باوەڕیان بەو دۆخە خێلگەراییە و بەو سەرکردایەتییە نەبوو و، پێی تەنگەتاو بووبوون و، متمانەیان بە سەرکردایەتی و توانای ئەو سوپایە لە ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشدا بەرەو سەرکەوتن، نەمابوو، خۆیان ڕادەستی حکومەتی کردەوە ..."** (شاویس، 1985، ص46). لەوەشدا وردی نەپێکاوە، لەبەر ئەوەی ئەفسەرەکان هەموویان خۆیان ڕادەست نەکردەوە، محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو کەوتنە بۆسە و ڕادەست کرانەوە، بەکر حەوێزی و نووری ئەحمەد تەها خۆیان حەشاردا، تا ماوەیەکی زۆر دواتر ئاوا مانەوە، جەلال بەگ ئێرانییەکان گرتیان و دواتر بە گۆڕینەوە دایانەوە بە عێراق. میرحاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی لەگەڵ مەلا مستەفا چوونە یەکێتی سۆڤییەت. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا عیزەت عەبدولعەزیز بە ویستی خۆیی و خەیروڵلا عەبدولکەریم لەبەر نەخۆشی خۆیان ڕادەست دەکەنەوە (حەوێزی، 2001، ل ل16-18؛ تفرشیان، 1367، ص ص154-156، 158-162).

نووری شاوەیس، کاتێك دێتە سەرباسی ڕووداوەکانی نیوەی دووەمی چلەکان، دەنووسێت:" **لە ساڵی 1947دا کە پەیماننامەی پۆرتسمۆس بەسترا، پارتی ڕۆڵێکی گەورەی لە خۆپێشاندانەکاندا هەبوو ..."**. لە دوای ئەوە باس لە بابەتی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە دەکات و هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ ڕێگری کردن لە سێدارەدانیان دەخاتە ڕوو. پاشان ئاماژە بە دەنگدانەوەی لە سێدارەدانیان و هێنانەوەی تەرمەکانیان دەکات. دیارە لەو ڕێوڕەسمەیەدا نووری شاوەیس و هاوڕێیەکانی ڕۆڵیان دەبێت بۆیە لە بارەیەوە دەدوێت و دەڵێت:" **... پێش ئەوەی بەرەو گردی سەیوان بڕوین، تەرمەکەمان بە بەردەم ماڵی خزم و ناسیاویانا برد، بەرەو مزگەوتی گەورە دەچووین، کە گەیشتینە نزیك چاپخانەی قادر ئاغای عەتار، بەرانبەر تەلاری تۆفیق قەزاز، ڕێرەوی تەرمەکەمان وەستاند، ئیبراهیم ئەحمەد دەستی بەتابوتەکەوە بوو و، وادیار بوو دەترسا، نەیدەویست تەرمەکە بە بەردەم خانەی حکومەتدا ببەین، ...، بەڵام ئێمە دەمانگوت: کێشە نییە لە وێوە بڕۆین، پۆلیس ناوێرێن دەستمان لێ بکەنەوە. ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ من و نووری محەمەد ئەمینی پارێزەردا**



Ahmad.ameen@su.edu.krd

**قسەی دەکرد و ئەو پەڕی هەوڵی دەدا بە هەر ڕێگەیەك بووە ڕازیمان بکات، بەڵام بێ سوود بوو، ئیدی ناچار لەگەڵماندا لە ڕۆشتن بەردەوام بوو و، دیمەنی تریس لێ نیشتبوو"**. لێرەدا دەتوانرێت بوترێت نووری شاوەیس بە هەڵە ئاماژەی بۆ مێژووی پەیماننامەی پۆرتسمۆس کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو پەیماننامەیە لە 15ی کانوونی دووەمی 1948 واژۆکراوە (الخیرو، 1983، ص ص 265-266)، ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە چوار ئەفسەرەکە حەوت و مانگ و شازدە ڕۆژ بەر لەو وادەیە، لە 19ی حوزەیرانی 1947 لە سێدارە درابوون. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی پێوەندی بە چۆنییەتی ڕێوڕەسمەکە و ڕۆڵی ئیبراهیم ئەحمەدەوە هەیە، ئەوە لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، ئیبراهیم ئەحمەد وتاری پێشکەشکردووە (رەشید، 2012، ل134). بەمەش ئەگەر کەسێك ترسابێت، چۆن توانیویەتی وتار پێشکەش بکات؟!

نووری شاوەیس لەبارەی کاریگەری کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان دەڵێت:" **... خەڵك بێزار بووبوون و، ماتەمێکی نیشتمانی باڵی بەسەریاندا کێشا بوو، چونکە نسکۆیەکی مەزن بوو بۆ گەلی کورد، وەلێ، کۆنەخوازەکان بەوە دڵخۆش بوون و، پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە یەکێتی سۆڤیەت پشتی لە کۆماری مەهاباد کردووە، کە ڕاستییەکەی وەهاش نەبوو"** (شاویس، 1985، ص54). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت نووری شاوەیس لەژێر کاریگەری بیری چەپ، پاکانەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەکات، ئەگینا ڕوون و ئاشکرایە، کە سۆڤیەت پشتیکردە کۆماری کوردستان، ئەوەش یەکێك بوو لە هۆکاری ڕووخانی کۆمارەکە (حەمەدئەمین، 2008، ل ل 80-86).

لە باسی بارودۆخی پارتی دیموکراتی کورد لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان، نووری شاوەیس دەڵێت:" **لە پایزی ساڵی 1949، بە سەختی خۆم گەیاندە هەولێر، لەوێ پێوەندیم لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵاندا کە ئازاد کرابوون، بەرقەرار کرد، هەمزە عەبدوڵلا ... ، وەك سەرکردایەتی پارتی بە شێوەیەکی کاتی دەستی بە ئەنجامدانی چالاکی و کارەکان کرد، بەم شێوەیە هەتا مانگی ئاداری 1950 بەردەوام بووین، کە ئیبراهیم ئەحمەد و چەند کەسێکی تر ئازاد کران، دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکی فراوانمان، لە شێوەی نیمچە کۆنگرەیەکدا بەست..."**. دوای ئەوە دێتە سەر ئەو بابەتانەی باسکراون بە تایبەت ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی هەمزە عەبدوڵلا دەکران، بۆیە لەسەری بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:" **... هەمزە پارێزەر بوو و، پیاوێکی زیرەك و لێهاتوو بوو و، ددانی بە هیچ شتێك نەنا، ...، وەڵی سەرباری ئەو تۆمەتانەی ڕووبەرووی هەمزە دەکرانەوە، داوای لێ کرا بە سکرتێری پارتی بمێنێتەوە، کەچی گوتی: من خۆم ناپاڵێوم، لە جیاتی ئەوە بڕیاری دا لە ڕۆژنامەی حزبدا بنووسێت و سەرپەرشتی بکات..."** (شاویس، 1985، ص57). دەتوانرێت بووترێت زانیارییەکانی نووری شاوەیس ورد و دروست نین، لەبەر ئەوەی هەمزە عەبدوڵلا لە کۆتاییەکانی ساڵی 1949 گیرا و دوای سێ مانگ و نیو لە سەرەتای ساڵی 1950 ئازاد دەبێت، هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدیش تا 11ی مارتی 1951 لە زیندان ماوەتەوە، واتە ئەوەی نووری شاوەیس باسی دەکات لە 12-13ی مارتی 1951 ئەنجام دراوە و کۆنگرەی دووی پارتی دیموکراتی کوردە. کۆنگرەی دووەمیش بێ ئاگاداری لە پێشینەی هەمزە عەبدوڵلا لە بەغدا گرێدرا و یەکێکیش لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکە، دوورکەوتنەوەی هەمزە عەبدوڵلا بوو لە سکرتێری کۆمێتەی ناوەندیدا (حەمەدئەمین، 2017، ل ل20-21).

نووری شاوەیس لە بارەی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کورد کە ساڵی 1953 لە کەرکووك بەستراوە نووسیویەتی:" **... بە شێوەیەك پاش کۆنگرەی سێیەم، ...، لە پەیڕەوی حزبدا، دروشمی مافی چارەی خۆنووسینمان گۆڕی بە دروشمی سەربەخۆیی ..."** (شاویس، 1985، ص59). لێرەدا بە وردبوونەوەمان لە پێڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کورد بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە نووری شاوەیس تەواوی نەپێکاوە، لەبەر ئەوەی پارتی لە کۆنگرەی یەکەمدا دروشمی کۆنفیدراڵی بەرزکردۆتەوە، تا گەیشتن بە سەربەخۆیی، بەڵام لە پێڕەوی کۆنگرەی سێیەم شتی وا بەدی ناکرێت، کە ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە (پرۆگرامی پارتی ...، 1946؛ پێڕەوەی ناوەوە، شوباتی 1953).



Ahmad.ameen@su.edu.krd

شاوەیس لە چالاكییە گرنگەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە دوای كۆنگرەی سێیەم، دەڵێت:" **گرنگترین كارێك حزب لەو كاتەدا پێی هەستابێت، بەشداریكردنی بوو لە كۆنگرەی جیهانی لاوان، كە لە ساڵی 1954 لە وارشۆری پایەتەختی پۆڵەندا بەسترا، جەلال تاڵەبانی وەك نوێنەری لاوانی كوردستان بۆ كۆنگرەكە نێردرا...**"، لە دوای ئەوە لەسەری بەردەوام دەبێت و دیتە سەر گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی دەكات و نووسیویەتی:" **... لە تەك خۆیاندا چەند خەڵاتێكیان لە ئافرەتانی چینەوە بۆ ئافرەتانی كورد هێنابوو، جا چونكە، لەو ڕۆژگارەدا هێشتاكە، یەكێتی ئافرەتان دانەمەزرا بوو، ئەو خەڵاتانەیان بە ناهیدەی خێزانم بەخشی ...**" (شاویس، 1985، ص61). نووری شاوەیس لەو بابەتەشدا هەندێك لە زانیارییەكانی بەهەڵە باسكردوون، لەبەر ئەوەی سەفەرەكەی جەلال تاڵەبانی ساڵی 1955 بووە نەوەك ساڵی 1954، هەروەها بەهۆی چالاكی زۆری ناهیدەخان لەناو ڕیزی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان، كە ساڵی 1953 دامەزرابوو، تاڵەبانی دیارییەكانی پێشكەش بەو كردوە (فەرد، 2013، ل ل 459 و475)، نەك وەك ئەوەی ناوبراو باسی دەكات.

لە لایەكی دیكەوە، هەر لە بارەی گرنگی دەرهاوێشتەكانی ئەو سەفەری جەلال تاڵەبانی، نووری شاوەیس دەڵێت:" **لە وەختی ڕۆیشتنی جەلال تاڵەبانیدا بۆ مۆسكۆ، چاوی بە عەزیز شەریف كەوتبوو، بەڵام مەلا مستەفای نەدیتبوو، چونكە ئەو دەم مەلا مستەفا لە باكۆ بوو ...**" (شاویس، 1985، ص62). لێرەشدا زانیارییەكانی نووری شاوەیس لەگەڵ ئەوەی جەلال تاڵەبانی جیاواز دەكەوێتەوە، چونكە جەلال تاڵەبانی ئاماژە بەوە ناكات چاوی بە عەزیز شەریف ناوێك كەوتبێت، بەڵكو باسی ئەوە دەكات لە ڕێگای محەمەد هاشم نەجەفی بێژەری ڕادیۆی مۆسكۆ، هەوڵی بینینی مەلا مستەفای داوە، جگە لەوەش ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات، محەمەد هاشم پێی ڕاگەیاندووە، مەلا مستەفا لێرەیە، واتە لە مۆسكۆیە، بەڵام سۆڤێیەتییەكان ڕێگەی نادەن ببینێت، بۆیە تاڵەبانی ناچار دەبێت بارودۆخ و ڕاسپاردەكانی بە نامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسێت (فەرد، 2013، ل ل 469-470).

ئەوەی جێگای هەڵوەستەكردنە ئەوەیە نووری شاوەیس لە باسی بیروباوەڕی پارتی دیموكراتی كوردستان لە دوای كۆنگرەی سێیەم نووسیویەتی:" **... ئێمە ئەو دەم خۆمان بە حزبێكی پێشكەوتنخواز دەزانی، نەك حزبێكی بۆرژوازی، پرسی گەلەكەمان هەمیشە بە بیروباوەڕی ماركسیی – لینینییەوە پێوەست بوو، لەو كاتەدا ئێمە لە ژێری كاریگەری بزاوتی كوردستانی ئێراندا بووین**" (شاویس، 1985، ص62). لێرەشدا ڕاستییەكە ئەوەیە پارتی دیموكراتی كوردستان دوای كۆنگرەی سێیەم بنەماكانی بیری ماركسی لە پێڕەو پرۆگرامی خۆیدا جێكردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەك ببوو بە مۆدێل، لە لایەكی دیكەشەوە، دەبوو پارتی لە و ڕێگایەوە بەربەست لەبەردەم چالاكییەكانی پارتی كۆمۆنیستی عێراق لە ناوچەكانی باشووری كوردستاندا دروست بكات (حەمەدئەمین، 2016، ل34). كەواتە بە هیچ شێوەیەك پارتی ئەو هەنگاوەی لەژێر كاریگەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان نەناوە.

نووری شاوەیس لە بارەی سەفەری دووەمی جەلال تاڵەبانی بۆ یەكێتی سۆڤێیەت دەڵێت:" **جارێكی تر جەلال تاڵەبانی بۆ یەكێتی سۆڤێیەت ڕۆیشتەوە، لیژنەی ناوەندیی پارتی ڕاسپاردبوو پێشنیاری لیژنەكە بە مەلا مستەفا بگەیەنێت، كە بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرۆكایەتی و كاركردن بە سیستەمی سكرتارێتی، ئاخر ماوەیەك بوو لیژنەی ناوەندی بیری لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرۆكایەتی پارتی دەكردەوە، چونكە پێدەچوو مەلا مستەفا و ئەو ئەندامانەی هەموو جارێك بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی دەكرانە ئەندامی سەركردایەتی، نموونەی سەید عەزیزی شەمزینی و میرحاج، كە هەردوكیان لە تەك مەلا مستەفادا بوون، تەنانەت مەلا مستەفا خۆیشی كە سەرۆكی پارتەكە بوو، نەیاندەتوانی ئامادەی كۆنگرە و كۆبوونەوەكان بن و، ئەگەری هەبوو ماوەیەكی زۆر لە غەریبی بمێننەوە، لەم بارەدا باشترین شت بوونی سیستەمێكی سكرتارێتییە، نەك سیستەمی سەرۆكایەتی، ئەمەش بڕیارێك نەبوو، بەڵكو پێشنیارێكی لیژنەی ناوەندی بوو**" (شاویس، 1985، ص65). لێرەدا ئەوەی تێبینی دەكرێت زانیارییەكەی نووری شاوەیس لەبارەی



Ahmad.ameen@su.edu.krd

پێشنیاز و ڕاسپاردەکەی لیژنەی ناوەندی پارتی بۆ مەلا مستەفا، جەلال تاڵەبانی پشتڕاستی زانیارییەکانی ناکاتەوە( فەرد، 2013، ل478؛ رشید، 2017، ل103). جگە لەوەش سەرکردایەتی پارتی لە کۆنگرەی سێیەم لە پێڕەو و پرۆگرامی خۆیی لەبارەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مادەی بیست و نۆ نووسیبووی:" **...قارەمانی رزگاری کوردستان جەنەرال مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراقە"** (پیرەوی ناوەوەی پارتی...، شوباتی 1953). هەروەها ماوەیەکی زۆر نەبوو باڵی هەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفا یەکیان گرتبوویەوە (حەمەدئەمین، 2017، ل29). بۆیە دەتوانرێت بوترێت ڕێی تێناچێت لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بیری لەوەها بابەتێك کردبێتەوە.

نووری شاوەیس لە بارەی پەرەسەندەکانی دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و زیادبوونی جموجوڵی چالاکییەکانیان و زیادبوونی پێگەی جەماوەرییان دەکات، دواتر دەنووسێت:" **... ئێمەش لای خۆمانەوە هەستمان بە پێویستی زیادکردنی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی ... دەکرد، بەم شێوەیەك بڕیاردرا حەمید عوسمان، مەلا ماتۆر (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل)، دواتریش حیلمی عەلی شەریف وەك ئەندامانی لیژنەی ناوەندی زیاد بکەین"** (شاویس، 1985، ص69). شایەنی باسە، نووری شاوەیس ڕوونی ناکاتەوە و کەی و چۆن و کێ و لە کوێ ئەو بڕیارە دراوە، بەمەش دەتوانرێت بوترێت زانیارییەکانی دروست نین، چونکە حەمید عوسمان لەگەڵ تێکەڵاوبوونی لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق ساڵی 1957 بۆتە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی، مەلا عەبدوڵڵاش لە کۆنگرەی چوارەم ساڵی 1959 دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و، حیلمی عەلی شەریفیش لە کۆنگرەی پێنجەم لە مایسی 1960، وەك ئەندامی یەدەگی کۆمێتەی ناوەندی هەڵدەبژێدرێت(کریم، 1998، 59- 61 و68؛ گۆڤاری رۆژی نوێ، 1960، ژمارە 3، ل 56).

نووری شاوەیس لە بارەی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە مایسی 1960 لە بەغدا ئەنجامدراوە، کۆمەڵێك بابەت بەسەر یەکەوە باس دەکات، کە پێوەندیان بە کەش و هەوای بەر لە کۆنگرە و ناو کۆنگرەوە هەیە، لەو بارەیەوە نووسیویەتی:" **... پێش بەستنی کۆنگرە پیلانێك دژی حزب دادەڕێژرا، وا دیاربوو عەبدولکەریم قاسم دەستی لەم نەخشە پیلانگێڕییەدا هەبوو، ... بارزانی ئەو کاتە لە ناوچەی بارزان بوو، ... قاسم کە زانی بارزانی لە بەغدا نییە، دەیویست بە هاوکاریی عەونی یوسف، ترازانێك لە کۆنگرەکەدا دروست بکات، ... بارزانی لە سەرکردایەتی حزب دوور بخاتەوە، ...، کاتێك بەو پیلانەمان زانی، عەونی یوسف لە ڕێگای (میرحاج)ەوە هەواڵی بۆ بارزانی نارد پێویستە هەرچی زووە لە بارزانەوە بۆ بەغدا بگەڕێتەوە، چونکە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردایەتی حزب خەریکن بۆ دوورخستنەوەی لە سەرۆکایەتی حزب نەخشە دەکێشن، لە هەمان کاتیشدا عەونی یوسف بە تەلەفۆن پێوەندی بە بارەگانی حزبەوە لە بەغدا کرد و، ڕوونی کردەوە بارزانی نایەوێت ئامادەی کۆنگرە بێت"**، ناوبراو لەسەر گێڕانەوەکانی بەردەوام دەبێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەو هۆیەوە عەونی یوسف ڕەخنەی لە بارزانی گرتووە و وتوویەتی پێویست دەکات وەك سەرۆکی حزب لێپرسینەوە لەگەڵدا بکرێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە دێتە سەر باسی ڕەوشی ناو کۆنگرە و دەڵێت:" **... بارزانی پێشنیاری کرد خۆپاڵاوتن ئازاد و کراوە بێت، چونکە بارزانیی لە هەڵسوکەوتی ئیبراهیم ئەحمەد ڕازی نەبوو، پێی باش بوو عەونی یوسف بە سکرتێری حزب هەڵببژێردرێت، بەڵام ئێمە مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی هەڵبژراندنی عەونی یوسفمان ڕەت کردەوە،...، بە بارزانیمان ڕاگەیاند نابێت وەزیرێك حکومی پێکەی سکرتێری حزب وەربگرێت، سەرباری ئەوەی ئەو بە تەلەفۆن هەواڵی پێداین کە تۆ بە تەما نیت ئامادەی کۆنگرە بیت، ڕەنگە میرحاجیشی بۆ ئەوە ناردبێت تاکوو وێنەیەکی شێواوی هەڵوێستی سەرکردایەتی حزب بەرانبەر بە تۆ بگوازێتەوە"**، ئینجا لەسەری بەردەوام دەبێت و نووسیویەتی لەگەڵ هاتنی بارزانی بۆ بەغدا عەونی یوسف خۆی لە بارزانی



Ahmad.ameen@su.edu.krd

نزیكردەوە و لە ڕێگای هاتنیان بۆ كۆنگرە داوای لێكرد، دەنگی پێبدەن تا ببێتە سكرتێری پارتی (شاویس، 1985، ص ص75-76). لێرەشدا بە وردبوونەوەمان لە قسە و باسەكانی نووری شاوەیس زانیاری دژ بە یەكی تێدا بەدی دەكرێن، لەبەر ئەوەی سەرەتا باسی ئەوە دەكات عەونی یوسف دەستی لە پیلانێك دژی بارزانی هەبووە، كەچی هەر خۆشی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، عەونی یوسف پێوەندی بە بارزانی كردووە تا بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و بەشداری كۆنگرە بكات، كەواتە ئەگەر عەونی یوسف مەبەستی لەو شێوەی هەبووبێت، بۆچی داوا لە بارزانی دەكات بۆ بەغدا بگەڕێتەوە؟ پاشان چۆن بارزانی پشتگیری دەكات ببێتە سكرتێر؟!. بەمەش دەتوانرێت بووترێت، زانیارییەكانی ورد و دروست نین، لەبەر ئەوەی مەسەلەی هەوڵەكان لە ڕێگای عەونی یوسف تەنیا بۆچوونێك بووە لە نێو ئەندامانی كۆنگرە بوونی هەبووە. هەروەها هەوڵەكانی عەبدولكەریم قاسمیش بۆ نانەوەی ناكۆكی لە نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد، كە بەڕاستەخۆی هەوڵی بۆ دراوە، بێ ئەنجام ماتەوە (ڕەشید، 2017، ل ل 164- 165؛ بارزانی، 2012، ل ل 88- 89).

نووری شاوەیس لەبارەی ئەنجامی كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی لەبەر ئەوەی ئەندامی سوپا بوون، بۆیان نەبوو لە كۆنگرە ئامادەبن، لەنێویاندا ناوی عەزیز شەمزینی، نووری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی دێنێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە دەڵێت:" **هەرچی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی كۆن بوون دووبارە هەڵبژێردرانەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی عەبدوڵڵا، ساڵح یوسفی، عومەر دەبابە، هاشم ئاكرەیی، عەبدوڵڵا ئیسماعیل، دكتۆر موراد، زەبیحی و ناهیدە شێخ سەلام و من ...**" بە دوای ئەوە ناوی ئەو ئەندامە نوێیانە دێنێت، كە هاتوونەتە ناو لیژنەی ناوەندییەوە، وەك عەلی عەسكەری، جەلال عەبدولڕەحمان و نوعمان عیسا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بۆ ئەوەش كردووە، كە هەر یەك لە حیلمی عەلی شەریف و جەوهەر هیرانی[10] و دووانی تر، كە ناوەكانیان ناهێنێت، بوونەتە ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی(شاویس، 1985، ص77). ئەوەی لێرەدا تێبینی دەكرێت، زانیارییەكانی نووری شاوەیس دروست و ورد نیین، لەبەر ئەوەی زەبیحی و جەوهەر هیرانی نەبوونەتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی. جگە لەوەش ئاماژەی بە ناوەكانی ئەحمەد عەبدوڵڵا، عەلی حەمدی و عەبدولحوسێن فەیلی وەك ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی نەكردووە. هەروەها ناوی ئەندامانی یەدەگیش بە تەواوەتی نەنووسیوە كە پێكهاتبوون لە: نوعمان عیسا، حیلمی عەلی شەریف، حەیدەر محەمەدئەمین، میرزا عەبدولكەریم، محەمەد حاجی تاهیر (گۆڤاری ڕۆژی نوێ، 1960، ژمارە 3، ل 56).

نووری شاوەیس لەبارەی ڕەوشی پێوەندییەكانی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و حكومەتی عێراق بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1961، ئاماژە بۆ تێكچوونی بارودۆخەكە دەكات و لەو میانەشدا نووسیویەتی:" ... **بە شێوەیەك ڕۆژنامەی دەنگی كوردستان، داخرا ...**" (شاویس، 1985، ص81). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت نووری شاوەیس لە ئاماژەكردن بە ناوی ڕۆژنامەكە هەڵەی كردووە، چونكە ڕۆژنامەكە ناوی كوردستانە، نەك دەنگی كوردستان[11].

لە لایەكی دیكەدا نووری شاوەیس لەبارەی ڕەوشی ناوچەكانی كوردستان بەر لە دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلول، باسی ڕووداوگەلێك دەكات و لەنێویاندا ئاماژە بە كوشتنی سەدیق میران دەدات، بەمەش نووسیویەتی: ئەو كۆمەڵەیەی سەدیق میران یان كوشت لە ڕووی سەربازییەوە، لە لایەن مەلا ماتۆرەوە سەركردایەتی دەكران(شاویس، 1985، ص82). لەو زانیارەشدا دیسانەوە كەوتۆتە هەڵەوە، چونكە سەدیق میران لە لایەن كاوانییەكان كوژراوە. ئەو بابەتە هیچ پێوەندی بە مەلا عەوڵای حاجی سیمایل ناسراوە بە مەلا ماتۆرەوە نییە (خۆشناو، 2013، ل235).

## ئەنجام

1. بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس شێوێنراوە، لەبەر ئەوەی جیاواز هەیە لە نێوان كوردییەكەی، كە لە گۆڤاری پێشەنگ بڵاوكراوەتەوە، لەگەڵ وەرگێردراوە عەرەبییەكەی ناو ڕۆژنامەی گەل


Ahmad.ameen@su.edu.krd

(الشعب)، کە دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراوە.

2. وەك لە بیرەوەرییەکانی دەخوێندرێتەوە، نووری شاوەیس ڕۆژانەی ڕووداوەکانی یادداشت نەکردووە، هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانیش نەگەڕاوەتەوە سەر سەرچاوەکان، ئەمەش وایکردووە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا، تەنیا پشت بە یادگەی خۆی ببەستێت. لێرەشدا لەبەر ئەوەی ماوەیەکی مێژووی بەسەر ڕووداوەکان تێپەڕیوە و یادگەی لە دروست گێڕانەوەی بابەتەکان یارمەتی نەداوە، بۆیە کەوتۆتە هەڵەوە.

3. نوری شاوەیس لە نووسینەوە مێژووی ڕووداوەکاندا ورد نەبووە، بەڵکو زۆرجار لە بارەی مێژووی ڕووداوێك، هەڵوێستی کەسێك، زانیاری دژ بە یەکی نووسیوە.

4. نووری شاوەیس گرنگ و بایەخی بە ڕیزبەنی زەمەنی مێژوویی ڕووداوەکان نەداوە، چۆنی بیرهاتۆتەوە بیرەوەییەکانی وا نووسیوەتەوە. بەم شێوەیەش زۆرێك لە بابەتەکانی بەسەریەکەوە باسکردوون. هەروەها لە هەندێك شوێن بابەتێکی باسکردووە، پچڕاندوویەتی، دواتر دووبارە گەڕاوەتەوە سەری.

5. بەشێك لە بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس، زانیاری وەرگیراون لە دەستی دیکەوە، واتا ناوبراو خۆی لەناو ڕووداوەکان نەبووە، کاتێکیش هاتووە گێڕاویەتییەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە، زانیارییەکەی لە کوێ گوێ لێبووە.

6. سەرباری ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەتوانرێت بوترێت بیرەوەرییەکانی نووری شاوەیس گرنگ و بایەخدارن، لەبەر ئەوەی دەرگای بە ڕووی زۆرێك لە ڕووداوە مێژووییەکان کردۆتەوە. ئەوە سەرباری ئەوەی ناوبراو بیرەوەرییەکانی لە قۆناغێکدا نووسیوەتەوە کەم کەس لەو سەردەمە لەنێو تێکۆشەرانی کورد درکی بە گرنگ و بایەخی نووسینەوەی بیرەوەری کردووە.

## پەڕاوێزەکان

[1] نازناوی شاوەیس، بۆ ئیسماعیل حەققی مامی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك ناوبراو لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە سلێمانی، ئینگلیزەکان بە دوایدا دەگەڕێن، ئیسماعیل حەققی بۆ ئەوەی خۆی لەبەر چاوان ون بکات، بە جلوبەرگی پیاوێکی ئایینی لە سلێمانی دەردەچێت و دەچێتە گوندی بێستانە سوور لە ڕۆژهەڵاتی شارەزوور و دەبێتە مەلا و ناو لە خۆی دەنێت (مەلا شاوەیس)، ئیدی لەوەوە نازناوی شاوەیس بۆ ئیسماعیل حەققی و بنەماڵەکەی دەمێنێتەوە. (شاوەیس، 1998، ل ل 216-217).

[2] پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، لە 30ی تەممووزی 1980 لەسەردەستی کۆمەڵێك سەرکردە و کادیری ناڕازی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی سامی عەبدولڕەحمان هاتە دامەزراند، بەمەش لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە باشووری کوردستان لە چالاکییەکانی بەردەوام بوو تا ئەوەی ساڵی 1993 لەگەڵ هەر یەك لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد یەکان گرت و حیزبی "یەکگرتن" یان دامەزراند (فاتیح، 2012، ل ل 163-164).

[3] فوئاد عەبدولڕەحمان عومەر وەك یەکێك لە وانە، کە ئەوکاتە لە گۆڤاری پێشەنگ کارکردووە، دەڵێت: نووری شاوەیس بە هاوکاری ئازاد خەفاف، بیرەوەرییەکانی لەسەر (11) کاسێت تۆمارکردوون. دوای ئەوەی هێناویانە بۆ گۆڤاری پێشەنگ. بەمەئ لە لایەن ئەوەوە هەم خراوەتە سەر کاغەز هەمیش وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. (عومەر، 2ی نیسانی 2020).

[4] گۆڤاری پێشەنگ، وەك گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان لە چاپیداوە، گۆڤارەکە بە سەر یەکەوە 21 ژمارەی لێدەچووە، یەکەمیان لە ئەیلولی 1982 و، دوا ژمارەشیان لە 21ی تشرینی یەکەمی 1992.

[5] یەکەمین ئەڵقەی وەرگێردراوی بۆ سەر زمانی عەرەبی لە ژمارە (4) لە نیسانی 1983 بڵاوکراوەتەوە. تێکڕا بەسەر یەکەوە عەرەبییەکە یازدە ئەڵقەیە و دوا ئەڵقەیان لە ژمارە (14) لە مارتی 1985 بڵاوکراوەتەوە. (جريدة الشعب، العدد 4، نيسان 1983؛ جريدة الشعب، العدد 14، اذار 1985).

[6] سەرچاوەیەکی زۆر بە پشتبەستن بە زانیاری ناو کتێبەکە، هاتوون ئاماژەیان بۆ چالاکی کۆمەڵەی ئازادی لە شارەکانی باشووری کوردستان کردووە، بەمەش کەوتوونەتە هەڵەوە. بۆ زانیاری بروانە: (البارزاني، 2002، ص ص 51 -52؛ صابر، 2006، ص ص 364 – 365؛ عەبدوڕەحمان، 2006، ل87؛ شوانی، 2008، ل ل 158-159؛ باوەڕ، 2010، ل 92؛ قادر، 2013 ل 276 – 277).

[7] هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییەکان، لە دووتوێی دوو بابەتی جیاواز، ڕەخنە لە نووری شاوەیس گیراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حیسامی، 1984، ل ل 11- 13؛ قازی، 1986، ل ل 29-33).

[8] لەبارەی کۆمەڵەی ئازادی، کریس کۆچیرا وەك تاکە سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ساڵی 1938 نەوجەوانانی سلێمانی، کە لە ڕووی تەمەن و بیروباوەڕەوە لە یەکترەوە نزیکبوون دایانمەزراندووە، بێ



Ahmad.ameen@su.edu.krd

ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بدات بەدەستەوە (کۆچێرا، 2003، ل170).

(9) لەگەڵ ئەوەی بابەتی گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی دارکەر بۆ حیزبی هیوا لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری لەبارەوە درا، بەڵام لە ساڵی دواتر، واتە ساڵی 1939 جێبەجێکرا، بۆیە زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەکان مێژووی دامەزراندنی حیزبی هیوا بۆ ساڵی 1939 دەبنەوە. (المزوري، 2008، ص 55).

(10) لە عەرەبییەکەی نووسراوە جەوهەر هیری، لە کوردییەکەش جەوهەر ئێرانی نووسراوە، کەچی ڕاستییەکەی جەوهەر هیرانییە.

(11) ڕۆژنامەی کوردستان وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە لە بەغدا دەرچووە، خاوەنە ئیمتیازی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنووسەرەکەی جەلال تاڵەبانی بووە، یەکەمین ژمارەی لە 4ی مارتی 1961 دەرچووە و، دوا ژمارەشی، کە ژمارە پێنجە لە 1ی نیسانی 1961 دەرچووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ئەحمەد، 2019، ل 12).

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بڵاوکراوەکان

### أ. بە زمانی کوردی


پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق، کۆنگرەی یەکەم، 1946.

پیرەوی ناوەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق، شوباتی 1953.


### ب. بە زمانی عەرەبی


محاضر مجلس النواب (10 نيسان 1941)، الدورة الانتخابية التاسعة، الاجتماع الاعتيادي لسنة 1941، الجلسة المشتركة.


## دووەم: یادداشت/

### أ. بە زمانی کوردی


حەوێزی، عەقید بەکر عەبدولکەریم، (2001)، گەشتێك بە کۆماری مەهابادا، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

دەرگەڵەیی، زرار سلێمان بەگی، (2002)، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی 1943- 1977 دا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەهەند).

شەمزینی، سەید عەزیز، (2011)، بیرەوەرییەکانی سەید عەزیزی شەمزینی (زیندەگی من)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی: محەمەد حەمە باقی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

شێخ سەلام، ناهیدەی، (1999)، ئەوەی لە بیرمە، ئامادەکردنی: چیمەن ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

مەحوی، مەلا ئەسعەدی (خانەقا)، یادداشتەکانی مەلا ئەسعەدی مەحوی. (دەستنووس لای دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین پارێزراوە)

نەریمان، مستەفا، (1994)، بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغداد.


### ب. بە زمانی عەرەبی


شاويس، نوري، (1985)، من مذكراتي، الطبعة الاولى، دون مكان طبع، من منشورات حزب الشعب اليدمقراطي الكردستاني.

الحيدري، صالح، (2004)، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، السليماني، مطبعة شڤان.

من اوراق المناضل حمزة عبدالله، تقديم وتعليق: محمد ملا كريم،"مخطوطة توجد نسخة بحوزة الباحث".


## سێیەم: دیمانە و پێوەندی تەلەفۆنی


دیمانەیەك لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا، ئامادەکردنی: سەدیق ساڵح و عەبدولرەقیب یوسف، سلێمانی، تشرینی یەکەمی 1998.

دیمانەیەك لەگەڵ پەیمان سەعید فەهیم، ئامادەکردنی: فوئاد رەوەند، هەولێر 28ی نیسانی 2014.

پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ فوئاد عەبدولڕەحمان عومەر، 2ی نیسانی 2020.


## چوارەم: کتێب

### أ. بە زمانی کوردی


ئەحمەد، هیمداد حوسێن، نەوزاد عەلی، (2019)، کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی پیرەمێرد.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (2013)، بەدەم ڕێگاوە گولچنین، قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، لوبنان.

ئیدمۆنس، سیسیل جۆن، (2004)، کورد تورك عەرەب، وەرگێرانی: حامد گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر.

بارزانی، مەسعود، (2012)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1931- 1958، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.

باوەر، ئەحمەد محەمەد ناسر، (2010)، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێراندا 1937- 1947، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

بەهرۆز، سمکۆ، (2006)، مێژووی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوك سەریان هەڵداوە، کەرکووك.

تریب، تشارلز، (2010)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، لێکۆڵینەوەیەکەی بەڵگەنامەییە لە مێژووی عێراقی نوێ لە وەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستەکانی 2002، وەرگێرانی: محەمەد حوسێن و عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژ هەلات.




Ahmad.ameen@su.edu.krd

حەمەدئەمین، ئەحمەد، (2008)، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژوویدا، چاپی یەکەم، دهۆك، چاپخانەی خانی.

حەمەدئەمین، ئەحمەد، (2010)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

حەمەدئەمین، ئەحمەد، (2016)، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

حەمەدئەمین، ئەحمەد، (2017)، پارتی دیموکراتی کورد - عێراق بەرەی پێشکەوتوو 1951- 1956، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

خۆشناو، شوان محەممەدئەمین تەها، (2012)، هەولێر لە نێوان ساڵانی 1958 – 1963 لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانە ڕۆژهەڵات.

ڕەشید، توانا، (2012)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی 1945 – 1958 لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسیی و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ڕەشید، سەلاح، (2017)، مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارو.

شارەزا، کەریم، (2014)، خەباتگێری کوردایەتی و بەرخۆدان نووری شاوەیس 1922- 1983. (وەگیراوە لە: قاموسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2014.

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، (2008)، شاری سلێمانی 1932-1945 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشك.

فاتیح، محەمەد (2012)، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان 1910-2010، ئەکادیمیا هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

فەرد، عیرفان قانعی (2013)، دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی، بەرگی یەکەم، بیروت.

قادر، مەهدی محەمەد، (2013)، هەولێر لە ساڵانی 1926 – 1939، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم).

کۆچیرا، کریس کۆچێرا، (2003)، کوردستان لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەگێرانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان.

گۆمەتاڵی، بورهان حاتم، (2012)، ساڵح حەیدەری ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری 1922- 2001، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

هاوار، م.ر، (1990)، شێخ وەمەحمودی قارەمان و دەوڵەتی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن.

هاوار، محەمەد ڕەسوڵ، (2007)، کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

هەوراز، ب، (1993)، کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوە حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە کوردستانی باشوور، (بێ شوێنی چاپ).

## ب. بە زمانی عەرەبی

البارزاني، عزيز حسن، (2002)، الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان العراق 1939 – 1945، دهۆك، دار سپيريز للطباعة والنشر.

الحسني، عبدالرزاق الحسني، (دون سنة الطبع)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الرابع والخامس، الطبعة الخامسة، دار الحياة.

حمدي، وليد، (1991)، الكرد وكردستان في الوثائق الربريطانية دراسة تاريخية وثائقية، لندن.

الخيرو، خالد صبحي احمد، (1983)، السياسة الخارجية العراقية بين 1945- 1953، بغداد.

الدباغ، فيصل، (1997)، اضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن 1908- 1958 "دراسة نقدية"، الطبعة الاولى، اربيل.

شريف، عبدالستار طاهر، (1989)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن 1908 – 1958، الطبعة الاولى، بغداد.

صابر، سروه اسعد، (2006)، كوردستان الجنوبية 1926 – 1939 دراسة تأريخية – سياسية، الطبعة الاولى، السليمانية، من منشورات سردەم للطباعة والنشر.

صابر، شاخوان عبدالله، (2007)، رفيق حيلمي دراسة تأريخية في نشاطه السياسي والثقافي، السليمانية، مطبعة شڤان.

الطالباني، مكرم،(2002)، حزب هيوا، السلمانية، مطبعة خاك.

كريم، حبيب محمد، (1998)، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق( في محطات رئيسية)1946-1993، الطبعة الاولى، دهوك، مطبعة خەبات.

المزوري، هلبين محمدامين،(2008)، حزب هيوا (الامل) 1939 – 1946 دراسة تاريخية – سياسية، (اربيل مطبعة حاجي هاشم).

## ج. بە زمانی فارسی

تفرشيان، ابو الحسن، (1367ه.ش)، قيام افسران خراسان، (تهران، چاپ رشيده).



Ahmad.ameen@su.edu.krd

## پێنجەم: نامە و تێزە زانكۆییەكان

عەبدورڕەحمان، دڵشاد مەحموود، (2006)، كەركوك، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیكری و سیاسی 1932- 1958، نامەی ماستەر بڵاونەكراوە، هەولێر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب.

## شەشەم: گۆڤار و لێكۆڵینەوە

باوەر، احمد، (2000)، پارتی هیوا لە دروستبوونیەوە لە شاری كەركوك تا هەڵوەشانەوەی لە كۆنفرانسی كەلار 1937-1945، گۆڤاری كەركوك، ژمارە (1)، ساڵی دووەم، سلێمانی.

حیسامی، كەریمی، (1984)، ڕوونكردنەوەیەكی مێژوویی، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6).

زەند، كەریم، (1999)، لە ژیانی وەزیفیمدا یەك ڕۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (15)، ساڵی دووەم، (سلێمانی).

شاوەیس، دلێر ئیسماعیل حەققی، (1998)، یادی مامۆستای بەهەشتی (ئیسماعیل حەققی شاوەیس)ی نووسەر و نیشتمانپەروەر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (23)، ساڵی دووەم، هەولێر.

قازی، ڕەحیمی، (1986)، چەند تێ بینییەك لەسەر بیرەوەرییەكانی نووری شاوەیس، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (11).

كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان(1960)، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە 3، ساڵی یەكەم، چاپخانەی كامەران.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (2)، شوباتی 1983.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (3)، تەمموزی 1983.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (4)، كانوونی یەكەمی 1983.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (5)، نیسانی 1984.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (6)، ئابی 1984،.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (7)، كانوونی یەكەمی 1984.

گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (9)، تەمموزی 1985.

ئەحمەد، ئیبراهیم (بێ ساڵی چاپ)، لە بیرەوەرییەكانم دامەزراندنی لقی كۆمەڵەی ژ.ك، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (13)، لەندەن.

## حەفتەم: ڕۆژنامەكان
## أ- بە زمانی كوردی

ڕۆژنامەی ژیان، (12ی نیسانی 1926)، ژمارە (12)، سلێمانی.

ڕۆژنامەی ژیان، (1ی نیسانی 1926)، ژمارە(11)، سلێمانی.

ڕۆژنامەی هاوكاری، (1970/3/4)، ژمارە (11)، بەغدا.

## ب- بە زمانی عەرەبی

جريدة الشعب، العدد 4، نيسان 1983.

جريدة گەل، العدد 14، اذار1985.



Ahmad.ameen@su.edu.krd

مذكرات نوري شاويس

"تقييمها و تصحيحها"

الخلاصة

المذكرات تعد مصادر تأريخية، ويتعمد عليها، لا سيما تلك المذكرات التي كان كاتبها شخصية بارزة في الاحداث، وكتبت مذكراتها بحياديه وموضوعية، من هذا المطلق أصبحت مذكرات نوري شاويس بعد طباعتها أحد المصادر التأريخية التي اعتمد عليها في زائدة الأعمال الأكاديمية وغير الأكاديمية. ومما تجدر الإشارة اليه هو أن نوري شاويس كتب مذكراته في عهد لم تكن الشخصيات السياسية تهتم بها. وجدير بالذكر أن مذكرات نوري شاويس كانت من أغلب الاحيان مصدرا اعتمد عليها الكتاب، ولم يتناؤل بالنقد و التحليل، وهذا كان الدافع وراء اختيار هذا العنوان لهذا البحث، وحاول الباحث والاعتماد على المصادر التأريخية تصحيح المعلومات الواردة في هذه المذكرات.

يتألف هذا البحث من مقدمة و ثلاثة محاور، تتبعها مجموعة من الاستنتاجات.

في المحور الأول، ذكر ملخص عن حياة نوري شاويس. والمحور الثاني، قراءة للمذكرات و كيفية طباعتها، وكذالك أجريت مقانة بيان سلسلة منشورات داخل مجلة بيشەنگ التي كانت تصدر باللغة الكردية، مع من هذا الكتاب الذي صدر باللغة العربية. وفي المحور الثالث، وبالاعتماد على المصادر الرصينة، حللنا المعلومات الواردة في الكتاب، وحددنا الأخطاء التأريخية التي وقع فيها الكاتب وصححناها.

كما تم تقديم الاستنتاجات المستخلصة من هذه الدراسة في النهاية.

**NOORI SHAWAYS MEMOIRS**
"EVALUATION & RECTIFICATION"

AHMAD HAMADAMEEN OMAR
Dept. of Social Sciences, College of Basic Education,University of Salahaddin, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**Memoirs are considered historical resources that are depend upon, especially the memoirs whose authors were themselves prominent figures in the events and wrote their memoirs in an unbiased and objective manner. From this standpoint and after publication of Noori Shaways memoirs, it has become one of the historical resources that were resorted to in many academic and non-academic works.**

**It is worth mentioning that Noori Shaways memoirs were more used as a resource by other writers than being criticized or analyzed. Hence, this was the rationale behind choosing this title for this paper. This paper aims at, utilizing historical resources, correcting the information within the memoirs in an academic way.**

**This paper consists of an introduction, three sections, followed by conclusions.**

**In the first section, a brief overview of Noori Shaways's life is presented. The second section is devoted to displaying a reading of the memoirs and how they were published, along with a comparison between a series of publications inside Pesheng journal which were published in Kurdish, with the book which was published in Arabic. In the third section, through relying on authentic resources, the information in the book are analyzed and the historical mistakes are identified and then they are corrected.**

**The conclusions drawn from this study are presented at the end.**

***KEYWORD:*** Memois, Noori Shaways, Evaliation, Rectification.



Ahmad.ameen@su.edu.krd